

# فەشەلهێنانی پرۆسەی دیموکراتی لە قۆناخی ئینتیقالیدا

## عێراق کۆتایی دێت یان شێوازی حکومڕانییەکەی دەگۆڕێت



من بە تەواوەتی لەوە تێدەگەم کە چ دابەشبوونێکی قووڵ لەنێو خەڵکی عێراقدا هەیە، بەڵام پێموایە واقیعەکە ئەوەیە لە هەموو لایەنەکانەوە شکستێک هەیە لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو ئەو یەکێتییەی کە- وڵاتەکە- پێویستی پێیەتی، شکستێک هەیە لە هەوڵەکان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان شیعە و سوننە و کورد و عەرەب. بە دڵنیاییەوە هەمیشە کێشەکە ئەوەبووە ئەو کەسەی حکومڕانی کردووە هەوڵیداوە پارێزگاری لە دەسەڵات بکات، ئەوەش ڕاستە لایەنەکانی نێو پەرلەمان نەیانتوانیوە یەکگرتوو بن و نەیانتوانیوە بە نەفەسی ئیتنی و تائیفی ئیش نەکەن، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە تاکە کەسێک دەبێتە دیکتاتۆر، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە هەم سەرۆک وەزیران و هەم پەرلەمان شکستیان هێناوە.. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٢ سەردانی عێراقم کرد، بوارم بدەن بڵێم عێراق ئەوکات وەک وڵاتێکی یەکگرتوو، عێراقێک بوو کە خەڵکەکەی پێکەوەبوون، وڵاتێکی پڕ لە ئومێد بوو، ئەمە سەرەڕای سەرکردەکانی و سەرەڕای کێشەکانی، ئەگەر ئەو ئومێدە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەوا دەبێت بەرەو یەکێتی و پێکەوەژیان هەنگاو هەڵبگیرێت)).

ئەنتۆنی کۆردسمان بۆ گوڵان
٢٠١٣/١/٣

**لەماوەی ١٠ساڵی رابردووی دوای رووخانی رژێمی پێشوو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە زەمینەیەک بۆ خۆبینینەوەی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دروست بکات**

پرۆفیسۆر رایان کیلی ئوستادی زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی کارلیتۆن لە توێژینەوەیەکدا کە هاوکات لەگەڵ دارشتنی دەستووری عێراق لە مارتی ٢٠٠٥ بڵاوی کردۆتەوە لەمەترسی فەشەلهێنانی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە قۆناخی ئینتقالی بەشێوەیەکی گشتی و لەعێراق بە تایبەتی ئاگادارمان دەکاتەوە، توێژینەوەکە کە بە ناونیشانی (بونیادنانی دامەزراوە دیموکراتیەکان لە کۆمەڵگەی فرەییدا..کەیسی عێراق)، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر عێراق بیەوێت وەك وڵاتێك بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، دەبێت ئەندازەی بونیادی دامەزراوە دیموکراتییەکان بەشێوەیەك نەخشەو پلانی بۆ دابرێژرێت کە دامەزراوەکان بتوانن شان بدەنە بەر ئەو تەنگژە کەڵەکەبووانەی دەکەوێتە سەرشانیان، بۆ ئەوەی بتوانن رووبەرووی ئەو تەحەددیانە ببنەوە کە لەقۆناخی ئینتیقالی رووبەرووی پرۆسە دیموکراتیەکە دەبێتەوە، پرۆفیسۆر رایان کیلی چوار تەحەددی دەسنیشانکردووە کە لەو قۆناخە رووبەرووی پرۆسە دیموکراتیەکە دەبێتەوە و ئەگەر هەیکەلی دامەزراوەکانی بەو شێوازە بونیاد نەنرێت کە بتوانێت شێوازی حکومڕانی باش بەرهەم بهێنێت، لەمەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیموکراتی بەتەنیا بەس نییە ئەگەر هەیکەلی دامەزراوەکانی نەتوانێت حکومڕانی باش بەرهەم بهێنێت، بۆیە بەمجۆرە مەترسی و تەحەددییەکانی دەستنیشان کردووە:

١- مەترسی باڵادەستی یاخود بەکارهێنانی هەژموونی زۆرینە بۆ سەرکوتکردن، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر دانیال بایمان سەرۆکی پێشووی ستافی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر بەجددی لەسەر ئەم مەسەلەیە جەختی لەسەر عێراق کردۆتەوە و ئاماژە بەوە دەکات هەوڵدان بۆ رێگرتن لە بەکارهێنانی زۆرینە وەك چەکێك بۆ پاوانکردنی دیموکراتی لەهەموو ئەو تەحەددیانەی دیکە مەترسیدارترە کە رووبەرووی پرۆسەی دیموکراتی دەبێتەوە لە قۆناخی ئینتیقالیدا، پرۆفیسۆر بایمان پێیوایە شیعەی عێراق کە ٦٠٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن دەتوانن بەچەندین شێوازی جیاواز هەژموونی زۆرینە بۆ پاوانکردنی دیموکراتی و بەلارێدابردنی دیموکراتی بەرەو سەرکوتکاری بەکاربهێنن، ئەمەش مەترسی جددی دروست دەکات لەسەر پرۆسە دیموکراتیەکە و بەرەو فەشەلی دەبات.

٢- پیادەکردنی رەفتاری نادیموکراتیانە بۆ پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی دیکە لە عێراقدا، وەك هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی پێکهاتەی عەرەبی سوننە و پەراوێزخستنی کورد لەلایەن هێز و لایەنەکانی عەرەبی شیعەوە، بێگومان هەوڵدان بۆ پەراوێزخستن بە شێوازی نادیموکراتیانە و پەنابردن بۆ پاوانکردنی دەسەڵات، چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت پێکهاتەکانی دیکە بۆ نموونە (کورد و عەرەبی سوننە) لەبەرامبەر ئەو رەفتارە نادیموکراتییانە بێدەنگ بن، تەنیا رێگەیەك کە لەبەردەمیاندا دەمێنێتەوە ئەوەی کە بەزمانێك وەڵامی پێکهاتەی باڵادەست بدەنەوە، کە پێکهاتەی باڵادەست لێی تێبگات، ئەویش پەنابردنە بۆ رووبەڕووبوونەوە، هەروەك چۆن لەدوای ئەوەی حکومەتی مالیکی بۆ شێواندنی ئاسایشی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، فەرماندەیی دیجلەی بەتاکڕەوی دروستکرد، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان ناچار بوو رووبەڕووی بێتەوە و هێزی پێشمەرگەی جووڵاند بۆئەوەی بەرگری لە نەتەوەکەی خۆی بکات، هەروەها ئێستاش شارەکانی عەرەبی سوننە لە موسڵەوە تا ئەنبار کەوتوونەتە خۆپیشاندان و لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا تەنیا چەند داواکارییەکیان هەبوو، بەڵام ئێستا دوای گۆڕینی شێوازی ئەو حکومڕانییە دەکەن، کە مالیکی پیادەی دەکات.

٣- وەك پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کوردسمان لە وتووێژێکی تایبەتی لەم ژمارەیەی گوڵان پێی راگەیاندووین (شکستێك هەیە کە ناتوانرێت کەلێنی نێوان شیعەو سوننە و کورد و عەرەب پڕبکرێتەوە) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم سێ پێکهاتەی چ وەك عەرەبی سوننە و شیعە، چ وەك کورد و عەرەب لە عێراقدا، خۆیان بە عێراقی نازانن، بەڵکو لەسەر ئاستی مەزهەبی عەرەبی شیعە خۆی بەشیعە دەزانێت و عەرەبی سوننە خۆی بە سوننە دەزانیت، لەسەر بنەمای جیاوازی نەتەوەییش عەرەب خۆی بە عەرەب دەزانێت و کورد خۆی بە کورد دەزانێت، ئەم واقیعەی ئێستای عێراق کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت، یەکێتییەکی لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی لەنێوان سێ پێکهاتە سەرەکیەکە دروستکردووە و سندوقەکانی هەڵبژاردنیش ئەم راستیەیان سەلماندووە، کە کورد دەنگ بەکورد دەدات و عەرەبی شیعە بە شیعە و عەرەبی سوننە بە سوننە، ئەوجا لەبەر ئەوەی لەماوەی ١٠ساڵی رابردووی دوای رووخانی رژێمی پێشوو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە زەمینەیەك بۆ خۆبینینەوەی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دروست بکات، ئەوا ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپەیمانی لەچوارچێوەی نیشتمانی عێراقدا لەنێوان پێکهاتەکان دروست بێت، ئەمەش ئەو خاڵە مەترسیدارەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی لەبەر یەکهەڵوەشاندوەو زۆر زەحمەتیشە بتوانرێت لەم بارودۆخە رێگە لەم دابەشبوونە بگیرێت و بەرەو جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی عێراق هەنگاو هەڵنەگرێت.

٤- تەحددی مەترسیدارتر کە وڵاتان بەرەو نەمان دەبات، پشتگوێخستنی چۆنییەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، ئێستا لە عێراقدا نەك هەر مەزندەی ئەوە دەکرێت پرۆسەی جیاکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵات فەشەلی هێناوە و گەڕاوینەتەوە بۆ ئەوەی تاکە کەس و تاکەحزب حکومڕانی وڵات بکات، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی (العراقیە) بەراشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات پەرلەمانی عێراق شەرعیەتی نەماوە، هەروەها داوا دەکات حکومەت و پەرلەمان پێکەوە هەڵبووەشێنرێتەوە، ئەمە وەك ئەوەی پەرلەمان بەشێك بێت لەحکومەت، یان پەرلەمانتاران فەرمانبەری بەردەستی ئەو بن، بۆیە ئەم حاڵەتە شێوازی دیموکراتی هۆگۆ شافیزمان دێنیتە بەرچاو، بەوەی شافیز هەموو پێوەرەکانی دیموکراتی پێشێلکردووە و گەوهەری دیموکراتی لەباربردووە، بەڵام هەڵبژاردنی وەك پەردەیەك بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی

هێشتۆتەوە، ئێستا نوری مالیکی دەیەوێت هەمان شێوازی هۆگۆ شافێز لە عێراق دووبارە بکاتەوە، بەڵام پێناچێت مالیکی بتوانێت وەك شافێز سەرکەوتوو بێت، بۆیە مەزندەی ئەوە دەکرێت ئەم شێوازە عێراق وەك وڵاتێك بەرەو کۆتایی ببات.

**بێدەنگی ئەمریکا ناتوانێت ڕێگە لە کۆتایی عێراق بگرێت**

ماوەی نزیکەی ساڵێکە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموو لایەکی لە مەترسی بەلاڕێدابردنی دیموکراتی و هەنگاوەکانی حکومەتی مالیکی بۆ فەشەلپێهێنانی پرۆسەی دیموکراتی لەعێراقدا ئاگادار کردۆتەوە، لەمەش زیاتر لە سیمینارێکدا کە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە مانگی مارتی ٢٠١٢ بۆ بەڕێزی ڕێکیان خستبوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە بەهەموو جیهانی ڕاگەیاند، کە حکومەتی مالیکی هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشێلکردووە و پابەند نییە بەدەستوورەوە، ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە، سەرۆك بارزانی لەو سیمینارەدا بە جیهانی ڕاگەیاند ((ئامانج لە ڕێککەوتنی هەولێر تەنیا پێکهێنانی حکومەت نییە، بەڵکو ئەو ڕێککەوتنە بۆ چەسپاندنی هاوبەشی راستەقینەبوو لەوڵات و پابەندبوون بەدەستوور و جێبەجێکردنی دەستوور بووە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی بگەڕێتەوە نێو هەموو دامەزراوەکان، خۆ ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرایە دەمانتوانی ڕێگەمان لەم تەنگژەیەی ئێستا بگرتایە))، ئەگەر سەیری ئەم پەیامە کورتەی سەرۆك بارزانی بکەین دەبینین هەمان ئەو مەترسیانەی ئاماژە پێکردووە کە دەبنە هۆکاری فەشەلهێنانی پرۆسەی دیموکراتی لە قۆناخی ئینتیقالیدا، ئاماژەیەکی راشکاوانە و راستەوخۆیە بەوەی حکومەتی مالیکی نە دەیەوێت دەستوور جێبەجێ بکات و نە پابەندیشە بەو ڕێککەوتنانەی کە ئیمزای لەسەر کردووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی مالیکی بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵبگرێت و ئەم تەنگژەیەی لێبکەوێتەوە، بێگومان ئەو تەنگژەیەی سەرۆك بارزانی لە سەرەتای ساڵی رابردوو ئاماژەی پێکردوو لە نەورۆزدا هەڵوێستی گەلی کوردستانی بەتەواوی یەکلاکردەوە بەوەی هەرێمی کوردستان ئەو بارودۆخە قبوڵ ناکات و ئەو مەسەلەیە دەگێڕینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەکردنە ئەو پێشبینیەی سەرۆك بارزانی لە ساڵی رابردوو کردی بەوەی بەلاڕێدابردنی دیموکراتی و پابەندنەبوون بە دەستوور و ڕێککەوتنەکان چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە، ئەوە ئەو بارودۆخەیە کە ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت و وەك د.ئەیاد عەللاویش لە ڕۆژی هەینی رابردوو ئاماژەی پێکرد، تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە ڕێککەوتنی هەولێر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، یان ئەوەتا دەبێت نوری مالیکی دەست لەکاربکێشیتەوە و ئەم حکومەتە هەڵبووەشێتەوە و حکومەتێکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە و زەمینەسازکردن بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە دابمەزرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بارودۆخی عێراق چیدیکە بەرگەی ئەو شێوازی حکومڕانییە ناگرن کە مالیکی پیادەی دەکات، ئەو حکومڕانییەی وەك ڕۆژنامەنووس ڕۆبەرت تۆلاست لە ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٣١ لە وتارێکیدا بەناونیشانی (سوپا تایبەتەکەی مالیکی - Malikis Private Army) ئاماژەی پێکردووە، بەوەی پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هەندێك لەفەرماندەکانی سوپای عێراق ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کشانەوەی ئەمریکا لە ٢٠١١ خراپە لەبەر ئەوەی هێزەکانی سوپای عێراق ئەو توانایانەیان نییە کە سنورەکان بپارێزن و شەڕی دژە تیرۆر بکەن و هەروەها ئەو توانایەشیان نییە کە ئەمریکا هەیەتی، بەڵام ئەوەی هەموومان لەبیرمان چوو و باسمان نەکرد ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەیبینین سوپای عێراق بۆتە سوپای تایبەتی مالیکی و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و سەرکوتکردنی نەیارەکانی بەکاری دەهێنت، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ئێستا لە سوریا شوێنێکی باشیان دەسکەوتووە، بەڵام ئەوەی مەترسی دروستکردووە لەسەر عێراق نوری مالیکیە کە سوپا بۆ مەبەستە سیاسییەکانی بەکاردەهێنێت، کەواتە ئەوەی ڕۆبەرت تۆلاست ئاماژەی پێکردووە، قۆناخێکی دیکەی مەترسیەکانی مالیکی-یە کە بەرامبەر پێکهاتەکان و بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانی خۆی سوپا تێوەدەگلێنێت، کە بەپێی دەستووری عێراق سوپا نابێت لە کێشە ناوخۆییەکان تێوەبگلێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە ئەوەیە لەنێو میدیاکانی ئەمریکادا پرسی عێراق بەرادەیەك کپکراوە و باسی لێوە ناکرێت، وەك ئەوەیە کە عێراق هیچ بایەخێکی لە سیاسەتی ئەمریکادا نەمابێت، ئەمەش ئەو راستیە دووبارە دەکاتەوە کە پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ڕۆبیرگ لە تویژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دەوڵەتی فاشیل لە جیهانی تیرۆردا) ئاماژەی پێکردووە بەوەی ئەمریکا بە پێوەرێکی دوو پێوانەیی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە دەکات کە هەنگاو بەرەو دەوڵەتی فاشیل هەڵدەگرن، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی ئەمریکا بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت زۆر کەم ڕەخنەیان لێدەگرێت و تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشیان لێ بگرێت زۆر بەنەرمی ڕەخنەیان لێدەگرێت، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمریکا بە ناحەز و دژ وەسفیان دەکات، هەموو ڕێگەو شوێنێکیان لەبەرامبەر دەگرێتە بەر، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بەم بێدەنگبوونە یان باسنەکردنی لە میدیاکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی فراوان، کێشەی ئەو دەوڵەتە فاشیلانە کە عێراق ئێستا یەکێکیانە چارەسەر دەکرێن؟ پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر نووسەری بەردەوامی زە ناشنال ئینتریست و هەروەها نووسەری گوڵانیشە، لە تازەترین وتاری کە ڕۆژی ٢٠١٣/١/٣ بە ناونیشانی (کارەساتی عێراق بەردەوامە) لە ناشناڵ ئینتریست بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە ئاماژە بەم راستیە دەکات و ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە پرسی عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە دیسەمبەری ٢٠١١ بەرادەیەك لەناو میدیاکانی ئەمریکا کەمبۆتەوە، هەست بەبوونی ناکرێت. ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستاش پرسی عێراق لەناو سیاسەتی ئەمریکادا ڕووبەرێکی گەورەی داگیرکردووە، هەر بۆ نموونە:

١- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا هێندەی ڕووبەڕووی

**نوری مالیکی دەیەوێت هەمان شێوازی هۆگۆ شافێز لە عێراق دووبارە بکاتەوە، بەڵام پێناچێت بتوانێت وەک شافێز سەرکەوتوو بێت، بۆیە مەزندەی ئەوە دەکرێت ئەم شێوازە عێراق وەک وڵاتێک بەرەو کۆتایی ببات**

**بارودۆخی عێراق چیدیکە بەرگەی ئەو شێوازی حکومڕانییە ناگرن کە مالیکی پیادەی دەکات، سوپای عێراق بۆتە سوپای تایبەتی مالیکی و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و سەرکوتکردنی نەیارەکانی بەکاری دەهێنێت**

**کێشەی سەرەکی کە ئیدارەی ئۆباما لەمساڵدا لەعێراق رووبەڕووی دەبێتەوە، کێشەی تاکڕەوی نوری مالیکیە، لەبەر ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ مەیلی تاکڕەوی و سەرکوتکاری لای مالیکی زیاتر دەبێت**

دەوڵەتی فاتیکانی لەناو رۆما داگیرکردووە.
٢- ژمارەی ئەو پسپۆر و دیپلۆماتانەی لەو باڵیۆزخانەیە بوونیان هەیە، لەژمارەی دیپلۆمات و پسپۆرانی هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ژاپۆن و ئەڵمانیا زیاترە.
٣- زیاتر لە ١٧هەزار پاسەوان بە گرێبەست بۆ پاسەوانی ئاسایشی باڵیۆزخانەکە و دیپلۆمات و پسپۆرانی ئەمریکی لە عێراقدا دامەزراون و بوونیان هەیە.

بۆیە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت کە هەتا ئێستا ئەمریکا خۆی چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقی کرد، بۆ ئەوە نەبوو ئەم کێشە کەڵەکەبووانە دروست بوون کە ئەمرۆ دەیانبینین، بارودۆخەکە گەیشتۆتە حاڵەتێك کە مەزندەی ئەوە دەکرێت رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، بۆیە ئیدارەی ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٣ رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی جددی لە عێراقدا دەبێتەوە، کێشەکانی بریتین لە:

١- کێشەی سەرەکی کە ئیدارەی ئۆباما لەمساڵدا لەعێراق رووبەڕووی دەبێتەوە، کێشەی تاکڕەوی نوری مالیکیە، لەبەر ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ مەیلی تاکڕەوی و سەرکوتکاری لای مالیکی زیاتر دەبێت، کێشەی حکومەتی مالیکی هەر ئەوەندە نییە کە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر غەرقی گەندەڵی دەبێت، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە رۆژ لەدوای رۆژ ئازادی سیاسیی لە عێراقدا کەمدەبێتەوە، ئەو رۆژنامەنووسانەی رەخنە لەحکومەتەکەی مالیکی و دارو دەستەکەی دەگرن شەڕیان پێدەفرۆشرێت و دەخرێنە چاودێرییەوە، دەزگای ئەمنی عێراق بۆتە دەزگایەکی بیرۆکراسی کە بەشێوەیەکی رەشبگیر خەڵك راپێچی زیندانەکان دەکات، بەپێی راپۆرتێکی ئامۆژگای (دژە شەڕ – anti-wars) خراپترین بەرەو پێشەوەچوون لە رەفتارەکانی مالیکی ئەوەیە کە هەڵمەتێکی فراوانی بۆ سەرکوتکردنی رکابەرە سیاسییەکانی دەست پێکردووە، لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی، پێکهاتەکان ناتوانن بە ئازادی جیاوازییەکان دەرببڕن، سوننەی گۆشەگیر کردووە و سوودی لەو دابەشبوونە وەگرتووە کە لەناو ئەو پێکهاتەیەدا هەیە، بۆیە ئەمە ستراتیژیەتی دیموکراتیەکی ساغڵەم نییە، بەڵکو ستراتیژیەتی هۆگۆ شافیزە لە فەنزویلا. ئەم دیموکراتیە گاڵتەجارە ئیلبرال دیموکراتیە، نەك ئەو دیموکراتیەی ئەمریکا لە عێراقی نوێدا ئامانجی بوو، بەڵام ئەوەی پێگەیشتووین ئەو ئاکامەیە کە ئێستا دەیبینین.

٢- کێشەیەکی دیکەی خراپ، ئاڵۆزییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە، لەمەش خراپتر ئەوەیە وێڕای ئەو دابەشبوونە قوڵەی لەنێوان سوننە و شیعە و کورد و ناوەند هەیە، بەردەوام واشنتۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە عێراق بەسەلامەتی و یەکپارچەیی ماوەتەوە، بەڵام ئەم ئامانجە خەریکە دەبێتە بەشێك لەرابردوو لە ئاییندە جۆرێکی دیکە دەبێت، بەتایبەتی کەماوەی چەند ساڵێکە کۆمەڵێك رووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەرێمی کوردستان و مالیکی روویداوە، هەر لەمەسەلەی گرێبەستەکانی نەوت و هەروەها کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کورد لەم پرسە لە حکومەتی بەغدا تووڕەیە و بەلایەنی کەمتەرخەمی لە قەڵەمدەدات کە نەیتوانیوە ریفراندۆم ئەنجامبدات و چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکاتەوە. ئەم بارودۆخە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٢ گەیشتە حاڵەتێکی ترسناك دوای ئەوەی مالیکی فەرماندەیی دیجلەی دروستکرد، کورد ئەم هەنگاوەی مالیکی بەمەترسیەکی راستەوخۆ بۆ سەرهەرێمی کوردستان لەقەڵەمدا، هەر بۆیە لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەر مەسەلەکە زیاتر هەڵکشاو بۆ دانانی سنوورێك بۆ مالیکی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بڵاوەی پێکرا، راستە ئیدارەی ئۆباما لە هەڵکشانی ئەم بارودۆخە نیگەران بوو، ژەنراڵێکی نارد بۆ ئەوەی میانگیری لەنێوان هەردوولا بکات، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هەندێك بارودۆخەکە خاوبێتەوە، بەڵام هیچ کام لە کێشەکان چارەسەرنەکراون. ئەمەش وایکردووە هەوڵی هەرێمی کوردستان بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەردەوام بێت.

٣- هەڵوێستی حکومەتی مالیکی بەرامبەر سوریا و ئێران دژی هەڵوێستی ئەمریکایە، ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت ئیدارەی ئەمریکا هەڵوەستەی لەسەر بکات، لەبەر ئەوەی ئەم هەڵوێستەی ئێستای عێراق زیان لەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات.

ئەم سێ کێشەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٠١٣ بەرەو خراپتر دەچن، ئەو ئومێدەی واشنتۆن هەیبوو عێراقێکی یەکگرتوو دیموکراتی ببینێت و، ببێتە پێگەیەك بۆ پشتگیری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەراستی نەهاتنە دی. بۆیە ئۆباما لە ئیدارەی دووەمدا دەبێت لەگەڵ عێراقێکدا مامەڵە بکات، کە رژێمێکی سەرکوتکار تا ئەوپەڕی گەندەڵ دەبێت، عێراقێك ناتوانێ پشتگیری ئامانجەکانی ئەمریکا بکات، وڵاتێك لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی دابەش دەبێت، کە بەدەسپێکی کوردستانێکی سەربەخۆ دەست پێدەکات.

**چۆن ئەم بارودۆخە چارەسەر دەکرێت؟**

ئێستا هەموو لایەك بە تایبەتیش هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەش گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی ئەم بارودۆخە کۆنترۆڵ ناکرێت و پێویستی بە چارەسەر هەیە، بەڵام ئەوەی لەم حاڵەتە دەبێتە جێگەی هەڵوەستە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ئەم چارەسەرەش بە بن بەست بگات، هەوڵەکانی لیستی دەوڵەتی یاسایە بۆ ئەوەی چارەسەری ریشەیی بارودۆخە بگۆڕێت بۆ چارەسەرێکی رووکەش و دووبارە خۆ قوتارکردن لەم تەنگژەیە بەبێ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، هەربۆیە لەم حاڵەتەدا کە لەناو لیستی هاوپەیمانی شیعە، مالیکی و لیستەکەی بەتەنیا ماونەتەوە و تەیاری سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی هەڵوێستێکی دیکەیان هەیە، هەست دەکرێت لەمیانەی لێدوانەکانی پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا خەریکی سازکردنی مانۆرێکی دیکەی سیاسین، ئەوان بە ناچاری خەریکە بەوە رازی دەبن کە حکومەت هەڵبووەشێتەوە، بەڵام وەك لە لێدوانەکان دەخوێنرێتەوە، ئەم خواستەیان گرێدراوەتەوە بە کۆمەڵێك مەرجی شاراوەوە، لەوانە:


**ئەو ئومێدەی واشنتۆن هەیبوو عێراقێکی یەکگرتوو دیموکراتی ببینێت و، ببێتە پێگەیەک بۆ پشتگیری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەراستی نەهاتنە دی**

١- هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و حکومەت پێکەوە، وەك عزت شابندر پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا ئاماژەی پێکرد، ئەوان بۆ ئەم مەسەلەیە هەوڵدەدەن دەنگی پێویست کۆبکەنەوە.
٢- مانەوەی حکومەتی ئێستای مالیکی وەك حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری رۆژانە، راشکاوانەتر ئەم حکومەتە زەمینە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئامادە بکات و لەژێر چاودێری حکومەتی ئێستای مالیکی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.
بەڵام ئەوەی لایەنەکانی دیکە بە تایبەتی ئەوەی د.ئەیاد عەللاوی و موقتەدا سەدر، کە پێدەچێت لایەنی کوردستانیش هەڵوێستی خۆی هەر بەهەمان شێوە یان نزیك لەو شێوازە یەکلایی بکاتەوە، ئەوەیە ئەوانیش خوازیاری ئەوەن پەرلەمان و حکومەت هەڵبووەشێتەوە، بەڵام بە مەرج:
١- لەگەڵ هەڵوەشانەوەی حکومەت، نوری مالیکی وەك سەرۆك وەزیران دەست لەکاربکێشێتەوە.
٢- حکومەتێکی کاتی پێکبهێنرێت، لەسەر بنەمای حکومەتی تەوافوقی نیشتمانی و هەموو پێکهاتەکان تێیدا بەشداربن.
٣- ئەم حکومەتە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی بکرێت و زەمینەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك برەخسێنێت بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە حکومەتی نوێ پێکبهێنرێتەوە.
لە حاڵەتی یەکەمدا ئەگەر پێشنیارەکەی دەوڵەتی یاسا پێداگیری لەسەر بکرێت، ئەوا مەزندە ناکرێت پێکهاتەکانی دیکە بە تایبەتی لایەنی کوردستانی و سوننە و تەیاری سەدر پێی رازی بن، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی دەوڵەتی یاسا بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە مالیکی و حزبی دەعوا کۆنترۆڵی دەسەڵات لە عێراقدا بکەنەوە، خۆ ئەگەر پێشنیاری لایەنەکانی دیکەش لە پەرلەمان دەنگ بەدەست بهێنێت، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکرێت ئاسان نەبێت بە ئاسانی مالیکی دەست لەکار بکێشێتەوە و لەدەرەوەی دەسەڵات ئامادەبێت خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت مەزندەی ئەوە بکرێت بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بچێت، هەربۆیە بۆ ئەوەی رێگە لەو خراپترە بگیرێت، دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا گوشاری خۆیان بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی شێوازی حکومڕانی لە عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەمەش نەك گۆڕینی دەموچاوی مالیکی بە کەسێکی دیکە، بەڵکو گۆڕینی شێوازی حکومڕانی بەمانای جێبەجێکردن و رێزگرتنی پێوەرەکانی دیموکراتی کە لەدەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە و دووبارە رێکخستنەوەی هەیکەلی دامەزراوەیی دەوڵەتی عێراق بەجۆرێك کە بتوانێت نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکان لە خۆی بگرێت و پێکهاتە جیاوازەکان هەست بە پەراوێزخستن یان گوشار خستنە سەر نەبن، هەر بۆیە ئەگەر بەم نفوز و هێزەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا نەیەنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و هاوکاری عێراقیەکان نەکەن، ئەوا عێراق کۆتایی هاتووە و ناتوانرێت رێگەی لێ بگیرێت.

**فاتح دارۆغایی**
پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان:

# لابردنی مالیکی بەو ئاسانیەو بەبێ کاردانەوە ناکرێ متمانەی لێ بسەنرێتەوە

**بارودۆخی عێراق گەیشتۆتە خاڵێك کە دەکرێت پێی بڵێین خاڵی نەگەڕانەوە، ئەم بەو مانایەی زەحمەتە حکومەتی ئێستای مالیکی بتوانێت بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە فاتح دارۆغایی پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە شرۆڤەی بارودۆخەکەی کرد:**



((بە بۆچوونی من رەوشەکە زۆر ئاڵۆزەو گرفتەکان گەیشتوونەتە رێگەی نەگەڕانەوەو بنبەست، چارەسەریشیان زۆر گران و زەحمەتە. ئەو بڕیار و هەڵسوکەوتانەی مالیکی نیشانەی پێشێلکردنی دەستوور و یاسای عێراقی و هەموو ئەو رێککەوتننامانەیە کە لایەنەکان لەسەری رێککەوتوون، ئەمانە وایانکردووە کە متمانە بەو کەسە نەمێنێت لە نێو هەموو لایەنەکاندا، دەتوانم بڵێم کە گرفتی سەرەکیی عێراق دەگەڕێتەوە بۆئەو بۆچوونە تاکڕەوییەی کە لە خودی مالکیدا هەیە، بەڵام ئێستا گومانی تێدا نییە کە کۆدەنگییەك دروست بووە کە حوکم بەم شێوەیە لە عێراق بەم تاکڕەوییە بەڕێوەناچێت، بەڵام لابردنی مالیکیش بەو ئاسانیەو بەبێ کاردانەوە ناکرێ کە متمانەی لێ بسەنرێتەوە. لە هەمانکاتدا ئەگەر مالیکی بیەوێت بەهێز ئەم خۆپیشاندانانە کۆتایی پێبهێنێت و - ئەگەر ئەم بڕیارە بدات، ئەوە دەبێتە سەرەتایەك بۆدەستپێکردنی کوشتنی پرۆسەی دیموکراتییەت لە عیراق و پێشێلکردنی هەموو بنەما دەستووری و یاساییەکانە لە عێراق)).

## عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

# بارودۆخەکە بەرەو ئاڕاستەی کۆتایی مالیکی هەنگاو



**بارودۆخی عێراق تەنیا لەسەر ئاشتی خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵك ئاڵۆزی تێنەکەوتووە، بەڵکو کار گەیشتۆتە ئەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق شەرعیەت لەپەرلەمان دەسێنێتەوە، سەبارەت بەم بارودۆخە ئاڵۆزە بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم بارودۆخەی کرد:**

((بەڕاستی دۆخی عێراق زۆر ئاڵۆز بووە، بە تایبەتی کە هەموو لەگەڵ یەکدی کۆکن لەسەر سازکردنی خۆپیشاندان کە دەیانەوێت هەندێك لەو یاسایانەی دەرچوونە هەڵبووەشێننەوە، ،بۆیە بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە لەبەر ئەوەی لایەنی حزبی دەعواش بە هێزی خۆی خەریکی بەرپەرچدانەوەیە، بۆیە دەبێ چاوەڕێ بکەین بزانین لەم چەند رۆژەی داهاتوودا رەوشەکە بەکوێ دەگات، بەڵام ئەو کێشانەی ئەمڕۆ لە شەقامی عێراقی روودەدەن، هەمان ئەو کێشانەن کە لەناو پەرلەماندا هەن، تەنانەت ناکۆکییەکان لەناو لایەنە پێکناکۆکەکان زیاتر و توندترن، بۆیە وەك بڵێیت پەرلەمان ئێستا ئەو توانایەی نەماوە، بۆنموونە کە لە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەرکرا، لەولاوە مالیکی بە دادگای فیدرالی ئەم یاسایە هەڵدەوەشێنێتەوە، واتا ئەگەر لایەنەکان بیانەوێت یاسایەك دەربکەن ئەگەر دژی مالیکی بێت، ئەو هەوڵ دەدات سەرنەگرێت، دەتوانم بڵێم کە دادوەری بە سیاسەتکراوە، ئەمەیە رەوشی عێراق کە لەناو پەرلەمانیش رەنگی داوەتەوە. بەڵام شەرعییەتی ماوە یان نا، ئەوە مالیکی ناتوانێت شەرعییەت بدات بە پەرلەمان هەتا لێی بسەنێتەوە، شەرعییەتی پەرلەمان لە میللەتەوەیە، ئێمە هەریەکەمان نوێنەری چەند هەزار کەسێکین، ئەمەش یەکێکە لە هەوڵەکانی بۆ ئیفلیج کردنی پەرلەمان بە رێگەی دادگای فیدرالییەوە. ئەم بارودۆخە ئەوەمان پیشاندەدا ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقی مالیکی بەتەنیا ماوەتەوە، کەسی لەگەڵدا نەماوە پشتگیری

## ئوسامە جەمیل پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی

# مالیکی سەری لێشێواوە و وەک دیکتاتۆر بیر دەکاتەوە



**ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، بەرەنجامی کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکە بووە کە حکومەتی مالیکی خۆی دروستی کردوون، ئەمەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتەقێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر هۆکاری ئەم بارودۆخە و ئاستی تاکڕەوی مالیکی، ئوسامە جەمیل پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گولان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:**

((بارودۆخی ئێستا هەمووی لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە نوری مالیکی گرتوویەتیەبەر بەرامبەر گەلانی عێراق و تایەفەکانی دیکەو ئەوانەی کە لە حزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسا نین، لە مێژبوو چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە ئەو هاوارەی لە کورد هەڵساوە بەرامبەر بەوەی کە مالیکی پەیوەست نییە بە دەستوور و دەیەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و کۆنترۆڵی هەموو لایەنەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری عێراق بکات، چاوەڕوان دەکرا لایەنەکانی دیکەش یان تایەفەکانی دیکەو عەرەبی سوننەش هاواری لێ هەڵبستێت، چونکە ئەوان بەردەوام گیریان بەدەستییەوە خواردووەو بەردەوام هەوڵ دەدات بچووکیان بکاتەوە، وا بکات کە تەنیا حزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسا حوکمی عێراق بکەن، من لەو باوەڕەدام کە ئەو خۆپیشاندانانە درێژە دەکێشن و بەردەوام دەبن و مالیکیش ناچاردەبێت تەنازول لە کۆمەڵێك شت بکات و بێتەوە ئەو ئاستەی کە دەستوور بۆی داناوە، بە پێچەوانەوە زۆر زیانی پێدەگات و پێگەی جەماوەریی خۆی کەم دەبێتەوە، رەنگە لە ناو حزبی دەعوەش یان دەوڵەتی یاسا کەسانێك هەبن کە بەم رەفتارانەی مالیکی رازی نەبن، چونکە هەر لەو دووسێ رۆژەی رابردوودا هەندێك هەبوون وەکو حوسێن ئەسەدی کوتلەیەکی نوێیان دروست کردووە، دیارە خەڵکانێك هەن کە بە سیاسەتی مالیکی قایل نین، بۆیە رەنگە حزبی دەعوە ئەو کاتە بیرلەوە بکاتەوە ئەو بگۆڕێت یان یەکێکی دیکە بێنن ئەگەر نا لە هەڵبژاردنەکاندا حەتمەن زەرەرێکی زۆر دەکەن، چونکە شیعەش هاواری لێ هەستایە دەبینین موقتەدا سەدر نارازییە و ئیبراهیم جەعفەریش لە

## هەڵدەگرێت

لێ بــکات، نزیکترینیان ئیئتلافی نیشــتمانییە کە لێی دوورکەوتوونەتەوە، راســتە مالیکــی رۆژ لە دوای رۆژ دەیەوێت دەسەڵاتی لە عێراق زیاتر بچەسپێنێت و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بــکات، هەروەها دیارە بــەرەو دکتاتۆریەت هەنــگاو هەڵدەگرێت و ئەو هەرەشــانەی کــە دەیکات زۆر نابەجێن، چونکە مافی خۆپیشــاندان لە دەســتووردا دیاریکراوە. هەربۆیە من وای دەبینم ئەو خۆپیشــاندانانە دەبنە هۆیەك یان بۆ کۆتایی هێنان بە مالیکی کە ناتوانێ لە گۆڕەپانی سیاســیی عێراق ئیــدی کاربکات، یان لە دەســەڵاتەکانی کەم دەکرێتەوە، هەرچەنــدە بەر لە چەند رۆژێك لەنێو دەوڵەتی یاســا ئەوەیان گوت کە مەرج نییە مالیکی لە خولی سێیەمدا خۆی کاندید بکاتەوە، ئەمەش پیشــاندانی جۆرێکە لە بێ ئومێدی کە مالیکی چیدیکە ناتوانێــت بەو رەفتارە دکتاتۆرییە کاربکات، بە بڕوای من مالیکی بەرەو کۆتایی دەڕوات.

## ـــیی کوردستان:

## ـــاتەوە و بەتەنیا ماوەتەوە


هەوڵــی هێورکردنەوەی رەوشــەکەدایە، ئەنجومەنی باڵاو عەممار ئەلحەکیم بە هەمان شــێوە، ئەو مالیکییە وەنەبێ تەنیا دژی ســوننەو کورد بێت تەنانەت شــیعەکانیش لێی بێزارن.. سەبارەت بەوەشی مالیکی کە گوتبوی پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە، ئەم قسەیەی رێك پێچەوانەی قسەیەکی دیکەیەتی ئەو پێشــتر گوتبووی پەرلەمان شــەرعییەتی نەماوە کەچی دواتر دەڵێت هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی خۆپیشاندەران داوای دەکەن لە دەسەڵاتی مندا نییە، بەڵکو ئیشی پەرلەمانە! جا ئەگەر شەرعییەتی نەماوە چۆن ئەو قســەیە دەکات بە راستی ســەری لێشێواوە و هەر رۆژەی کەوتۆتــە تەنگژەیەك، شــەرعییەتی پەرلەمان و نەمانی لەلایــەن میللەتەوە بڕیاری لێدەدرێــت، هەربۆیە مالیکی لەبــەر ئەوەی مەیلێکی دکتاتــۆری هەیە، وەك دیکتاتۆر مامەڵە دەکات و، دەیەوێت چــۆن بیر دەکاتەوەو دەڕوانێتە مەسەلەکان هەموو کەس وەکو ئەو بیربکەنەوە، دیارە ئەوەش سەرناگرێت و خۆی زەرەرمەند دەبێت.

**موئەیەد تەیب**
وتەبێژی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

# سەرۆک بارزانی پێش ساڵێک پێشبینی سەرهەڵدانی ئەم قەیرانەی کردووە

**ئەگەر هەموو لایەنەکان لەســەر ئەو راستیە کۆك بن کە ئێستا عێراق بە قەیرانێکی سەخت تێدەپەڕێت، ئەوا دەبێت ئیرادەیەك دروســت بێت بۆئەوەی بەشــێوەیەکی ریشەیی کێشەکان چارەسەر بکرێن بۆئەوەی عێراق بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، سەبارەت بەوەی چۆن ئەم بارودۆخە چارەسەر دەکرێت، موئەیەد تەیب پەرلەمانتاری عێراق لە هاوپەیمانی کوردســتانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((راستە ئێمە ئێستا لە لووتکەی ناکۆکیەکانداین و هیچ رێککەوتنێکیش لە ئاســۆدا بۆ چارەســەرکردن لە ئارادا نییە، بۆیە پێشبینیەکان بەوجۆرەن تا ئەم خوولە بەکۆتادێت یان هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامدەدرێت، قەیرانەکان هەر زیاتــر دەبن، هەروەها هیچ ئیرادەیەکی راســتەقینە لای دەوڵەتی یاسا بەدی ناکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەربۆیە هەر کاتێك قەیرانێك دێتە پێشــەوە مالیکی پەنا دەباتە بەر هەڕەشەکردن، بێگومان ئەمجارەش هەر وایکرد، هەروەك چۆن کاتێ قەیرانێك سەریهەڵدا لە نێوان حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستان لە خانەقین و موسڵ و کەرکوك هەر پەنای بۆ لەشــکر و هەڕەشــە برد، بۆیە ئەگەر پەنا بۆ هەڕەشــە ببات هەموو پرۆســەی سیاســی هەرەس دەهێنێت، چونکە ئەو خۆپیشــاندانانە کەســێك و لایەنێك نەیکــردووە، بەڵکو جەماوەر کردوویەتــی، ئەو قەیرانەی ئێســتاش هۆیەکانی دیارن، ئەوانەن کە ســەرۆك بارزانی پێش ســاڵێك دەست نیشانی کردبوون، کە ئەمە مەسەلەی حوکمە، کەیسی چەند زیندانییەك نییە، حوکم بە تاکڕەوی دەکرێت لە عێراق، ئەوەی ئێســتاش بەدی دەکرێت ئەوەیە کە مالیکی ئەو دەســەڵاتەی نییــە ببێتە دکتاتۆرێك لە عێــراق، بەڵام تاکڕەوی لێ بــەدێ دەکرێت، بۆیە ئەگەر رێــی لێ نەگیرێت ئەوە بەرەو دکتاتۆریەت دەچێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموو لیســتی دەوڵەتی یاسا بە تەنیا لــە مالیکی رازی بن، ئەوە بەس نییە کە ببێتە ســەرۆك وەزیران لە عێراق، ئێمە دەزانین کە عێراقیە و رەوتی سەدر و هاوپەیمانیی کوردســتانی ئەوانە کە هەموویان بەشدارن لە حکومەت کێشەیان لەگەڵ مالیکی هەیە. من پێموایە ئێستاش دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە رابگرینەوە، ئەویش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رێکەوتننامە سیاسییەکان و شەراکەتی نیشتمانی.








## مایكل نایت

سەرۆكی پرۆگرامەكانی هەرێمی كوردستان لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیک


## بۆ گوڵان:

# ئەمریكا بەتوندی پشتگیری مالیكی كرد، بەڵام ئێستا رەفتارەكانی مالیكی دژی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكایە

**پرۆفیسۆر مایكل نایت بەڕێوەبەری پرۆگرامەكانی هەرێمی كوردستانی عێراقە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، یەكێكە لەو تۆژەرە باڵایانەی كە راوێژ دەداتە حكومەتی ئەمریكا و ئێستاش خەریكی نووسینی راپۆرتێكی گرنگە بە ناونیشانی (هەرێمی كوردستان ٢٥ ساڵ دوای ئەنفال) بۆ ئەم راپۆرتە پرۆفیسۆر نایت پێویستی بەوە هەیە سەردانی هەرێم بكات بۆئەوەی لەنزیكەوە ئەو گەشەسەندنانە ببینێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بواری (حكومڕانی و دابینكردنی خزمەتگوزارییە سەرەكیەكان و پەرەپێدانی كەرتی نەوت و گاز) بەدەستی هێناوە، ئامۆژگای واشنتۆن بەوجۆرە سەیری هەرێمی كوردستان دەكات، بەوەی ببێتە مۆدیلێك بۆ بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای تەنگژە.**

**پرۆفیسۆر نایت كە پێشتریش بەڕێوەبەری پرۆگرامەكانی عێراق بووە لەهەمان ئامۆژگا، زۆر بە وردی چاودێری بارودۆخی عێراقی كردووە و چەندین توێژینەوە و وتار و كتێبی لەسەر رەوشی عێراق نووسیووە، هەروەها ئەو كێشەی سەرەكی عێراقی بەوە دەسنیشانكردووە بەوەی لەعێراقدا (كەلتوری پاوانكردنی راستەوخۆی دەسەڵات هەیە - “culture of direct control”) ئەم دەستەواژەیەش ئێستا لەلایەن زۆربەی تۆژەران لەسەر ئاستی جیهان دووبارە دەكرێتەوە، بۆ قسەكردن لەسەر پەرەسەندنەكانی ئەم دواییەی عێراق، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر مایكل نایت كرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



**واشنتۆن درک بە مەترسی گرتنەوە دەستی دەسەڵات دەکات لەلایەن مالیکیەوە بۆ خولی سێیەم، بەڵام دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لە عێراقدا- بە تایبەتی بەسەر لایەنەکانی شیعەوە- سنووردارە**

**بەهۆی مێژووی پڕ لە توندوتیژی عێراقەوە مشتومڕی نێوان لایەنگرانی بە مەرکەزیکردن و لایەنگرانی بە نامەرکەزیکردن مەترسیدارترە بە بەراورد بە زۆرێک لە وڵاتان**

**دۆخی سوریا ئاماژەیە بەوەی ڕۆژئاوای عێراق و ناوچەی جەزیرە ئامادەی تەقینەوەن ئەگەر حکومەتی عێراق هەنگاوێکی هەڵە هەڵبگرێت**

*** تەنیا دوای یەك ساڵ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەم وڵاتە کەوتە سەر لێواری کارەساتی گەورە. بەپێی تێگەیشتنی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ڕوودانی کارەسات لە عێراقدا دۆخی ناوچەکە پتر ئاڵۆز دەکات و زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەدات؟**

- هەر مانگێك کە تێدەپەڕێت بارودۆخی سیاسی عێراق ناسەقامگیرتر دەبێت. وڵاتەکە لە حاڵەتی قەیرانێکی هەمیشەییدایە. دۆخەکە بەلای سەرکردەکانی ئەمریکاوە مایەی تێکدانی ئەعسابە «Nerve Wracking». واشنتۆن بە توندی پشتیوانی لە سەرۆك وەزیران-نوری ئەلمالیکی- کرد، بەڵام حکومەتی عێراق بە شێوەیەك ڕەفتار دەکات کە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە. یەکێك لە نموونەکان بریتییە لە ڕێگەدان بە گواستنەوەی چەك بۆ ڕژێمی ئەسەد لە سوریا. پرسێکی دیکە کە مایەی کێشەیە هاوکاری کردنی ئێران و سوریایە بۆ ئەوەی خۆیان لە سزا نێودەوڵەتیەکان لابدەن. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ٢٠١٤دا، ئیدارەی ئەمریکا هەوڵدەدات هانی بلۆکی شیعە بدات کە بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکەیان بیر لە بەدیلێك بۆ مالیکی بکەنەوە. واشنتۆن درك بە مەترسی گرتنەوە دەستی دەسەڵات دەکات لەلایەن مالیکیەوە بۆ خولی سێیەم، بەڵام دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لە عێراقدا- بە تایبەتی بەسەر لایەنەکانی شیعەوە- سنووردارە.

*** دۆخی عێراق بەو ئاستە گەیشتووە کە سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناشەرعیبوونی پەرلەمان دەکات لەبەر ئەوەی پشتیوانی خۆپیشاندەران دەکات، ئەمەش بەو واتایەی مالیکی حوکم بەسەر پەرلەماندا دەدات، نەك بە پێچەوانەوە، ئایا ئەمە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی نوێ نییە لە عێراقدا؟**

- وەك کەسێکی بیانی کە خوازیاری سەرکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردستانم، ئەوا هەوڵدەدەم خۆم لە بەکارهێنانی زمانی زبر بە دووربگرم. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوایە بپرسین ئایا لەم ساتەوەختەدا دەسەڵات لە عێراقدا زیاد لە پێویست بە مەرکەزی کراوە. ئەو پرسە سەرەکیەی لە سەرتاسەری عێراقدا-لە بەسرەوە بۆ دهۆك- مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت بریتییە لە پرسی بە مەرکەزیکردن لەبەرامبەر بە نامەرکەزیکردندا. هەرێمی کوردستان، پارێزگا و قەزاکان دەسەڵاتی زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پێویستیە مەحەلیەکان پارە خەرج بکەن و بڕیار بدەن. حکومەتی مەرکەزیش خوازیاری کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی خۆیدا و دەیەوێت ئەو فیدراڵیەتە هەڵبووەشێنێتەوە کە لە دەستووری عێراقیدا چەسپێنراوە. ئەم جۆرە ململانێیە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدات: کەواتە عێراق حاڵەتێکی دەگمەن نییە. بەڵام بەهۆی مێژووی پڕ لە توندوتیژی عێراقەوە، بە تایبەتی لە دوای ٢٠٠٣وە، ئەوا مشتومڕی نێوان لایەنگرانی بە مەرکەزیکردن و لایەنگرانی بە نامەرکەزیکردن مەترسیدارترە بە بەراورد بە زۆرێك لە وڵاتان.

*** پەیامی مالیکی بۆ خۆپیشاندەران هەڕەشەکردن بوو، لە ڕاگەیاندنەکانەوە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد ئەگەر هاتوو خۆپیشاندان بەردەوام بوو، ئایا تا چ ڕاددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی دەبێت لە ئاست ئەم هەڕەشانەدا، یاخود دەبێت چاوەڕوانی هەڵوێستێك هاوشێوەی سوریا بکەین؟**

- سەرۆك وەزیران- مالیکی- دەزانێت جیهان چاودێری ئەوە دەکات کە دواتر چی ڕوودەدات. سەرۆك وەزیران بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئاسایش لە عێراقدا و ئەوەش ڕاستە کە پێویستە خۆپیشاندەران ئاگادار بکاتەوە لە بەکارهێنانی هەڕەشە و توندوتیژی. بەڵام دەبێت حکومەتی عێراقیش دان بە خۆیدا بگرێت. دۆخی سوریا ئاماژەیە بەوەی ڕۆژئاوای عێراق و ناوچەی جەزیرە ئامادەی تەقینەوەن ئەگەر حکومەتی عێراق هەنگاوێکی هەڵە هەڵبگرێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئازادکردنی ئافرەتە زیندانیکراوەکانی پارێزگای ئەنبار بوو لە لایەن مالیکیەوە. ئەو دەزانێت لەم کاتەدا پێویستی بەم حەزەرکردنە هەیە.

*** لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا، تەنیا بەشێکی کەمی پارتەکەی سەرۆك وەزیران کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە. کورد و سوننە و پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعەکان کە ڕەوتی سەدرە دژ بە حکومەتەکەی مالیکین، و حکومەتیش دژ بە هەموانە. ئەمەش واتا ناتوانیت لەڕێی گفتوگۆ و شێوازی دیموکراسیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حکومەتەدا بکەیت. ئایا بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە لە عێراقدا چ بەدیلێکمان هەیە؟**

- ئەگەر عێراقیەکان بیانەوێت، ئەوا هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٠١٤ هەلێکی گرنگە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرێکی نوێ. ڕکابەرەکانی مالیکی پێویستیان بە خستنەگەڕی هەڵمەتێکی بەهێز هەیە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، تاوەکو خەڵکی جۆشبدەن بۆ ئەوەی دەکرێت بەدەست بهێنرێت و بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانێتی و شەراکەت. لە هەموی گرنگتر، پێویستە هاوپەیمانی نیشتیمانی- کە هاوپەیماتێتیەکی شیعەیە- بەباشی بیر لەوە بکاتەوە ئایا بەرژەوەندی شیعە لەوەدایە بۆ خولی سێیەم مالیکی دەسەڵات بگرێتەوە دەست کە دووبارە هەمان دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر هاوپەیمانی عێراق جدیە لەوەی لە عێراقێکی یەگکرتوودا بژێیت، ئەوا دەبێت هەڵمەتێکی هەڵبژاردن بخەنەگەڕ کە خاڵی بێت لە جیاکاری تائیفی و ئیتنی. پێویستە دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو هاوکات بێت لەگەڵ دەنگدان لەسەر ڕێوشوێنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات، واتە لە هەمان ئەو دانیشتنە پەرلەمانیەدا دەنگی لەسەر بدرێت کە بۆ پەسەندکردنی سەرۆك وەزیران سازدراوە، ئەو کاتە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی نوێیەوە ڕێوشوێنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لە یاسادا دەچەسپێنرێت.

*** پێشبینی دەکرێت بارودۆخی عێراق کاریگەری هەبێت لەسەر دەوڵەتە دراوسێکان، کە لە بەرامبەردا ئەم وڵاتانەش کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت. بە تایبەتی تورکیا و سعودیە کەپشتیوانی سوننەکان دەکەن و ئێرانیش پشتیوانی شیعەکانی عێراق دەکات. ئایا تا چەند ئەمە مەترسیە بۆ سەر ئاییندەی عێراق؟**

- مەترسیەکی ڕاستەقینە هەیە کە تورکیا و ئێران بکەونە ناکۆکیەکی وێرانکارەوە لەبارەی ئەوەی چ لایەکیان دەستڕۆیشتووتر بێت لە عێراقدا. پێموایە وڵاتانی کەنداو(وەك سعودیە) بەو ڕاستەوخۆییە ڕۆڵ نابینین لە عێراقدا. تورکیا

چاوی لەوەیە کە بیسەلمێنێت ئەو مۆدێلە لە ناوچەکەدا- حکومەتێکی ئیسلامی میانڕەو-، هەروەها ئەو هێزی ئابووری و دیپلۆماسیە لە ناوچەکەدا. ئەو ڕۆڵی هەیە لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی باکووری عێراقدا، بەڵام مەرج نییە ئەم شێوازەی تورکیا پیادەی دەکات ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی باش بێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە پێویستە هەرێمی کوردستان هەموو ڕێگاچارەکان بە کراوەیی بهێڵێتەوە، لە نێویاندا ئەگەری هاوکاریکردن لە بواری نەوتدا لە نێویان هەولێر و ئەنقەرە و بەغدا. لە هەمان کاتدا، تەهران هەست دەکات هەڕەشەیەکی زۆری لەسەرە، بەهۆی سزا ڕاستەوخۆکانی سەر ئێران و ئەگەری لەدەستدانی سوریای شەریك و لاوازبوونی حزبولڵا و حەمماس. ئەمەش وادەکات ئێران تەرکیزێکی زۆر بکاتە سەر پاراستنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. بەرژەوەندیە ئابووری و ئامانجە دیپلۆماسیەکانی تورکیا و ئێران دژ بە یەکن لە عێراقدا. هەرەسهێنانی پەیوەندیەکانی نێوان سەرۆك وەزیران- ئەردۆغان- لە تورکیا و سەرۆك وەزیران-مالیکی- لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی گرژیە هەڵکشاوەکانە.

*** کێشەیەکی دیکە بریتییە لە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی لە عێراقدا، ناوچە کوردیەکان تەواو سەقامگیرن، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە حکومەتی مەرکەزی ئەو سەقامگیریە بشێوێنێت، ئایا تا چ ڕادەیەك تێکدانی سەقامگیری هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر ئاییندەی عێراق؟**

- زۆرێك لەو ناوچانەی پێیان دەوترێت کێشەلەسەر ناوچەگەلێکی ئارامن. ناوچەکانی سەروی هێڵی سەوز بۆ هەمیشە بوونەتە خاکی هەرێمی کوردستان. ناوچە هەستیارەکان کەوتونەتە خوارووی هێڵی سەوزەوە کە دانیشتوانێکی زۆر هەمەڕەنگیان هەیە، وەك شاری کەرکوك، سنجار، زوممار، بەعشیقە، حەمدانیە، داقوق، دوز، جەببارە و ناوچەکانی دەوروبەر وەك حەمرین. هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە هەمیشە حکومەتی فیدراڵی تەرکیز لەسەر دەرکردنی پێشمەرگە و ئاسایش کردووە لەو ناوچانەدا. پێموایە تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ ئێمە زنجیرەیەك لە قەیرانی سەربازی یەك لە دوای یەك دەبینین، بەڵام پتر لە فۆرمی لێدوانی توند و توڕە و بڵاوەپێکردنی هێزدا دەبێت نەك لە فۆرمی شەڕێکی ڕاستەقینەدا. ئەو بەنبەست گەیشتنەی ئەم دواییەی دوز خورماتو کە هەر یەکە لە بەغدا و هەرێمی کوردستان دەستکەوتیان بەدەستهێنا لە نێو بنکە سیاسیەکەیاندا، مۆدێلێکە کە ئێمە مەزندە دەکەین بە درێژایی ساڵی ٢٠١٣ بەدی بکەین. ئەگەرچی حکومەتی فیدراڵی چەکی نوێ دەکڕێت و نمایشی سەربازی ترسێنەر سازدەکات لە جەژنی سوپادا، ئەوا بەغدا زۆر بە حەزەر دەبێت لە بەکارهێنانی هێز. ئەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە کە بەغدا و هەولێر لەوە دڵنیابکاتەوە کە هێشتا جیهان چاوی لەسەریانە. لە ڕاستیدا هیچ لایەنێکی عێراقی یان کوردی خوازیاری شەڕ نییە، بەڵام هیچ لایەکیش نایەوێت لاواز دەرکەوێت، بە تایبەتی کە هەڵبژاردنەکان زۆر نزیبکبوونەتەوە.

### شێخ حەمید مەعلە
### لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆ گوڵان:


# سەماحەتی عەممار حەکیم و سەماحەتی موقتەدا سەدر داوایان لە حکومەت کردووە وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە

((ڕۆژی هەینی سەماحەتی موقتەدا سەدر سەردانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کرد و لەگەڵ سەماحەتی عەممار حەکیم کۆبۆوە، لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا دوایان لە حکومەت کرد وەڵامدانەوەی بۆ خواستە دەستوورییەکان و خواستەکانی گەلی عێراق هەبێت، هەروەها بە پێویستیان زانی کێشەکانی ئەمڕۆ بەپەلە و بە حەکیمانە یەکلابکرێنەوە، لە وتاری ڕۆژی هەینی مەرجەعییەتیش داواکرا بەوەی پێویستە گوێ لە هاووڵاتیان بگیرێت و بارودۆخەکە هیۆر بکرێتەوە، ئەمەش وەك هەنگاوی پێویست و بەپەلە کە پێویستە لە ئێستادا بگیرێنە بەر، کەواتە ئەگەر وەڵامدانەوەیەکی خێرا هەبێت بۆ ئەو داواکاریانەی خۆپیشاندەران، ئەوا بێگومان هەندێك لەو داواکاریانە خۆیان یاسایی و دەستوورین و بەشێکن لەو داواکاریانەی کە پێشتریش خراونەتەڕوو، ئامانج لەم داواکاریانە ئەنجامدانی چاکسازی پێویستە لە پرۆسە سیاسییەکاندا، بەڵام هەندێك داواکاری دیکە هەن پێویستیان بەوەیە پەرلەمان کۆبێتەوە، لەبەر ئەوەی پێویستی بەدانانی یاسا یاخود گۆڕین و هەمواركردنی یاسا هەیە، هەندێك داواکاری دیکەشیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە و پێویستە حکومەت دەستبەجێ وەڵامدانەوەی هەبێت بەرامبەر ئەو داواکاریانە و ڕێگە چارەی پێویست بگرێتە بەر بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات، هەربۆیە ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندان بکرێت، ئەوا تێگەیشتن دێتە ئاراوە، بەڵام وەك ئەوەی ئێمە دەیبینین و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت پێمانوایە ئەم مەسەلەیە بەمزوانە کۆتایی نایەت. لە دەسپێکیشدا حکومەت زمانی هەڕەشەی بەکارهێنا دژی خۆپیشاندەران، بێگومان زمانی هەڕەشە بۆ وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران گونجاو نییە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت چاوەڕێی ئەو دانیشتنەی پەرلەمان بین کە بانگێشەی بۆ کراوە، وا بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممە ئەو دانیشتنە ئەنجامبدرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژی یەکشەممە پشوو بوو، ئەوا لەوانەیە دووشەممە یان سێ شەممە ئەنجامبدرێ)).



**شێخ حەمید مەعلە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە لەسەر لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی، سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەسەر داواکاری خۆپیشاندەران و کۆبوونەوەی نێوان سەید موقتەدا سەدر و سەید عەممار حەکیم، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هەڵوێستی خۆیانی ڕوونکردەوە.**





**لــەم چەنــد ڕۆژەی ڕابــردوودا جەماوەری پارێزگای ئەنبار ڕژانە شەقام و گۆڕەپانەکان لە فراوانترین خۆپیشاندانەکاندا کە سەرتاسەری شارو شــارۆچکەکانی ئەم پارێزگایەی گرتــەوەو دواتــر پەڕییــەوە بــۆ پارێزگاکانــی دیکــەی عیراق، خۆپیشــاندەران چەندین داواکاریان بەرزکردۆتەوە کە خۆی لە نەبوونی خزمەتگــوزاری و پەرەســەندنی ئاستی ســتەم و پشتگوێخستن و بێکاری دەبینێتەوە، بۆ ئاگاداربوونی خوێنــەران لە هــۆکار و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم خۆپیشاندانانەی ئەنبار گۆڤاری (گوڵان) پەیوەندیی بە سەعدون ئەلشــەعلان جێگری ســەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبارەوە کرد کە بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

### سەعدون ئەلشەعلان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار بۆ گوڵان:

# هۆکاری سەرەکی خۆپیشاندانەکان نەبوونی خزمەتگوزاریی و

*** ســـەرەتا حەزدەکەین بزانین ئامانجی ئەم خۆپیشاندانانەی لە ئەنبارەوە دەستی پێکرد چی بوون، تائێستا حکومەت چەند وەڵامی داخوازییەکانی داوەتەوە؟**

- لەڕاستیدا ئێمە چاوەڕوانی جموجوڵێکی بەهێزین بەتایبەتی سەبارەت بەو کۆبوونەوە بەپەلەیەی کە ئەنجوومەنی نوێنەران بانگەشــەی بۆ کرد، لەگەڵ ئازادکردنــی ١١ ئافرەت کە هەندێکیان لــە پارێزگاری ئەنبارن، مەبەســتم لەوەدایە کە جموجوڵ هەیە، لەلایەکی دیکەوە تاکو ئەمڕۆیش کێشــەی نەبوونی هاوســەنگیمان هەیە بەتایبەتی لە هێزە ئەمنییەکان و لــە هەندێك لــە وەزارەتەکاندا، هەندێــك وەزارەت هەن کە تاڕادەیەك تایفەیەکی دیاریکراوی لەخۆ نەگرتووە، فەرامۆشی و دوورخســتنەوە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر هۆکاربوون لەپشت ئەوەی کە جەماوەر هاتە ســەر شەقام بەوشێوەیە ڕەفتاریکرد، بــەڵام چاوەڕێی ئەوەین حکومەت وەڵامدانەوەی بۆ شــەقام دەبێت، ئاستی خزمەتگوزارییەکان زۆر نزمە، هەروەك بینیمان بۆ یەك ڕۆژ باران باری و لەئەنجامدا لافاو لە بەغدا روویدا و هەڵبەتە ئەمەیش نیشانەیە لەسەر ناپیشەیی، پارەی زۆر لە پڕۆژەکان خەرجکراوە، بەڵام پیشەیی لە جێبەجێکردندا نییە، هەربۆیە ئەو گەندەڵییە دارایی و ئیدارییەی کە لە جەستەی دەوڵــەت دەخوات و زیانێکی زۆری بە وڵات گەیاندووە، زۆر لە تیرۆر ترسناکترە، بۆنموونە پارەیەکی یەکجار زۆر لە کارەبا خەرجکرا، لەکاتێکدا تاکو ئەمڕۆیش کارەبامان نییە، هاووڵاتیان بەدەست نەبوونی کارەبا و خزمەتگوزارییەکانەوە دەناڵێنن، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، پێویســـتە خزمەتیان بکەین بەو ئاستەی کە ئەوان دەیخوازن، ناکرێ هاووڵاتی جێبهێڵین بەبێ شوێنی نیشتەجێ و بەبێ خزمەتگوزاری، ئەمڕۆ هاووڵاتی تەنانەت بەدەســـت نەبوونی بچووکتریـــن کۆڵەگەکانی ژیان دەناڵێنێت، هەربۆیە ئەمانەن کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان کە هۆکار بوون لە پشت ڕاپەڕینی خەڵکەکە.

*** خەڵکی دەڵێن خۆپیشاندانەکان زیاتر لەسەر زیندانکراوەکانە، لەکاتێکدا کێشەی زیاتر هەیە لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و نەوت و کارەبا و دامەزراندن بەتایبەتی لە ئەنبار و سەلاحەددین، بۆچی تەنیا داواکاری بۆ ئازادکردنی زیندانەکان هەیە و نەك بۆ کێشە و گرفتەکانی دیکە؟**

- نەخێر داواکارییەکان زۆرن و تەنیا لەســـەر زیندانکراوەکان نییە، پێش هەموو شـــتێك داواکاری هەیە لەبارەی یاســـای لێبوردنی گشتی و یاسای ریشەکێشکردن، بەتایبەتی لەڕووی ریشەکێشـــکردنەوە، لەبەرئەوەی دەبینین لە هەندێ حاڵەت و ســـەبارەت بە هەندێ کەس ئەو یاسایە نایگرێتەوە و هەڵاوێر کراوە، بەڵام لە حاڵەتـــی دیکەدا دەبینین دەیگرێتەوە، بەڵکو بە زیاتریش لەسەری پیادە دەکرێت، هەربۆیە لایەنەکان زۆرن: ئێمـــە ١٤ داواکاریمان هەیە کـــە یەکێك لەو ١٤ داواکارییانە تایبەتە بە زیندانییـــەکان ئەویش تەنیا زیندانییە بێتاوانەکان، لەبەرئـــەوەی خەڵکی بێتاوان هـــەن زیندانیکراون، زۆر کەس هەن لـــە زیندانییەکان کـــە تاکو ئەمڕۆیـــش نەنێردراون بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینـــەوە، هەربۆیە ئەمە ئەو داواکارییە ســـەرەکییانەن کە ئێمە بەرزمان کردوونەتـــەوە و نەك ئەوەی

**فەرامۆشی و دوورخستنەوە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر هۆکاربوون لەپشت ئەوەی کە جەماوەر هاتە سەر شەقام بەوشێوەیە رەفتاریکرد، بەڵام پەنا بە خودا حکومەت وەڵامدانەوەی بۆ شەقام دەبێت**




# هاوسەنگیە نەک تەنیا بەردانی زیندانیەکان

کە داوابکەین بۆ ئازادکردنی تاوانباران و بکوژەکان و تیرۆریستان، ئێمە هەرگیز داوای ئازادکردنی تیرۆریستەکان ناکەین، نە داوا دەکەین لێبوردنیان بۆ بکرێت و نە داوایش دەکەین ئازاد بکرێن.

*** ئەگەر خۆپیشاندانەکانیان بە زەبری هێز کپکردەوە — وەکو ئەوەی سەرۆك وەزیران بانگەشەی بۆ کرد — هەروەها کاتێك کە هەڕەشەی کرد و گوتی ناکرێت پەرلەمان دانیشتنی نائاسایی ئەنجام بدات، ئێوە لەو حاڵەتەدا چ وەڵامێکتان دەبێت؟**

- هەرگیز باوەڕناکەم هێزە ئەمنییەکان و سوپا خۆیان لە لێدانی خۆپیشاندەران بگلێنن، بەڵکو پێچەوانەی ئەو شتەمان بینی کاتێك بینیمان هێزە ئەمنییەکان و سوپا پارێزگارییان لە خۆپیشاندان و خۆپیشاندەران دەکرد و تەنانەت گوتاربێژی خۆپیشاندانەکان رێزیان لە سوپا گرت و ئەو هەڵوێستەیان بەرز نرخاند و داوایانکرد سوپا هاوشێوە بێت لەگەڵ سوپاکەی میسر کە لە رۆڵەکانی گەلەکەی خۆی نەدا و پارێزگاریی لە خۆپیشاندەرانی کرد، هەربۆیەش ئەمە تێگەیشتنی ئێمەیە سەبارەت بە سوپای عێراق و هەرگیز باوەڕناکەم سوپا بجوولێتەوە و هیچ فرمانێك جێبەجێ بکات کە مەبەستی لێدانی خۆپیشاندەران بێت.

*** خوێندنەوەت لەسەر لێدوانەکەی سەید موقتەدا سەدر چییە؟**

- ئێمە و هەموو وتاربێژەکانی هەینی بەگشتی، هەڵوێستەکەی موقتەدا سەدرمان بەرز نرخاند و پشتگیریمان لەهەموو جموجۆڵێك کرد کە لەپێناو دەربڕینی وشەی راستیدا بخرێتەگەڕ، لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆیش زوڵم لە عێراق هەیە و تا زوڵم مابێ ئێمە پێداگری دەکەین لەسەر بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ لابردنی زوڵمەکە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ مەسەلەکە تایفەگەری نییە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە گەلی عێراقی دووچاری زوڵم و مەینەتیی بووەتەوە بەگشتی، هەربۆیەیش داوا لە مەرجەعییەت کرا کە ئەویش هەڵوێستی هەبێت لەبەرامبەر ئەو زوڵمە، لەڕاستیدا هەموو سەرکردە سیاسییەکان بەگشتی پشتگیرییان لە خۆپیشاندانەکان کرد.

*** بۆ ئەوەندە دواکەوتن و بۆ پێشتر داواتان نەکرد، بۆ نموونە پار، پێشتر، بۆچی ئەمڕۆ؟**

- شتەکان کەڵەکەیان کرد و بارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە تەنانەت ئەمڕۆ خەڵك ئارامی نەماوە، بەڵگەیش ئەوەیە کە ئەو جەماوەرەی رژاونەتە سەر شەقامەکان ژمارەیان یەکجار زۆرە و ناڵێم بە سەدان، بەڵکو پێموایە کە ژمارەیان گەیشتووەتە هەزارەها هاووڵاتی، لە هەموو پارێزگاکانی دیکەیشەوە: لە بەغداوە و لە کەربەلاوە و وابزانم لە بابلیشەوە ژمارەیەك هاتن، خەڵکانێکی زۆر هاتوون، مەبەستم لەوەدایە کە جموجۆڵێکی جەماوەریی گەورە دەبینین لە سەرجەم رۆڵەکانی عێراق و هەموویان خواست و داواکاری بەرزدەکەنەوە، هەمووشیان خەڵکانێکی زوڵملێکراون، خۆ تەنیا ئێمە زوڵملێکراو نین لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەوان لە ئێمە زیاتر زوڵمیان لێکرابێت، هەربۆیەش شەقامی عێراقی بە گشتی وروژا، خۆپیشاندانەکان هەموو عێراقی گرتەوە.

**پارەی زۆر لە پرۆژەکان خەرجکراوە بەڵام پیشەیی لە جێبەجێکردندا نییە، هەربۆیە ئەو گەندەڵییە دارایی و ئیدارییەی کە لە جەستەی دەوڵەت دەخوات و زیانێکی زۆری بە وڵات گەیاندووە**

# بەفیڕۆدانی وزەی نەتەوایەتی لە کایەی سیاسیدا

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

وزەی نەتەوایەتـــی زۆر جار وزەیەکی بینراو نییە و شـــاراوەیە. لەڕووی مێژووییەوە، کۆی ئەو ڕەهەندانەی بۆ مانەوەی نەتەوەیەك پێویســـتن، لە ماتەریاڵیی و نامەتریاڵی، لە دیـــار و نادیار، لە بەرجەستە و شاراوە، لە سرووشتیی و دەستکرد، بە وزەی نەتەوایەتی ناو دەبرێن. لێرەوە، گرنگیی درەختێك لە ژینگەی سرووشتەکەیدا و پاراســـتنی بەهۆی قەدەخەی داربڕینەوە، بە هەمان ئاست بۆ نەتەوە گرنگە، وەك قەدەخەی کارکوشتەکردنی منالان لە تەمەنی منداڵییاندا. مانەوەی خێزانە ئاژەڵییەکانی ناو سرووشت لەڕێگەی قەدەخەکردنـــی ڕاوەوە، بەهەمان ئاســـت گرنگیـــی هەیە، وەك قەدەخەکردنی تۆڵە و ژنکوژیی و پاراستنی خێزانە مرۆییەکان لە ڕێگەی ســـزای توندیی یاساییەوە. بەهەمان شێوە، دەستگرتن بە ئاو، کارەبا، گازەسرووشتیەکان و سامانە نیشتیمانیەکانی ترەوە، هەمان گرنگییان هەیە کـــە بەڕێوەبردنی باش و پێویســـتیی فەرمانگەیەك هەیەتی و کە لێخوڕینی یاسایی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکان.

هەر چەندە کایەی سیاسیی، باڵادەســـترین کایـــەی نـــاو کۆمەڵگایـــە، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەتوانێ کایەیەکی بەفیڕۆدەر بێت. بۆیە ئـــەوە دژوازیەکە ئێمە ئاماژەی پێدەکەین، کاتـــێ وتارەکەمان ناوناوە: (بەفیڕۆدانـــی وزەی نەتەوایەتـــی لە کایەی سیاسیدا)! دژوازییەکە لەوەدایە، کە ئەم کایەیە دەبێت بە پێویست کایەیەکی نەتەوەساز بێت، لە کاتێکدا وزەی نەتەوە بەفیڕۆدەدات.



بۆیە دەمەوێت لە ڕێگەی قسەکردن لەسەر سێ نموونەوە، باس لەم بارودۆخە بکەم کە کایەی سیاســـیی کورد تێیکەوتووەو ئاماژە بە زیانەکانی بکەم، نەك هەر بۆ ئێستا بەڵکو بۆ داهاتووش.

لە کایەی سیاسیدا، وزەی نەتەوایەتی بەزۆر شێواز بەفیڕۆ دەدرێت. یەکێك لە شـــێوازەکان ئەوەیە، ئەو کایە سیاسییە هووشیار و ئاگا نەبێـــت بە بوونی وەها وزەیەکـــی نەتەوایەتی، لەدەرەوەی کایەی ئابووریی و ســـامانە سرووشتیی و گشـــتییەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەی وزەی نەتەوایەتی هەر تەنیا لە ئابووریی و ماتەریاڵییەتدا کورت و بچووکناکرێتەوە. نەوتێکی زۆر، یان کانزای زۆر، یاخود فراوانکردنـــی کەرتەکانی بازاڕ و کەرتـــی تایبەت و بازرگانیی ئازاد، پێویســـتیی بە پلانیی تایبەت و پێشـــوەخت و داهاتوو بین هەیە. پلاندانان و پێشـــبینیکردنی دۆخە گۆڕاوەکانیش سەبارەت بـــە هەر کامێك لـــەو کەرت و زەمینانە، پێویســـتیی بە کادریی شـــارەزا و مەهارەتیی پیشەیی و زانســـت و ئەقڵانییەت هەیە. بەمجۆرەش، ئەقڵانییەت وزەیەکی نەتەوایەتیی و مرۆییە، کە بۆ بە ئەنجامگەیشتنی ئەو پرۆسەیە پێویستمان پێیەتی. پێویستمان پێیەتـــی وەك وزەیەکی مرۆیی بۆ گەیشـــتن بـــەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکرێ و پێویستیشـــمان پێیەتی بۆ ئاراســـتەکردنی هەنگاوەکانمان. بەبـــێ ئەقڵانییەت و تەگبیری دانایانە، دەکرێ کۆی ئەو سامانە سرووشتیی و گشتیانەی دیکەی وڵات بەفیڕۆ بدرێن کە دەردەهێنرێن و بە شێوازێکی نا ئەقلانیی سوودی کاتییان لێوەردەگیرێت.، ئەو کات ئەقڵ وەك شێوازێکی ئاراستەکردن و وەك وزەیەکی مرۆیی، بەخەسار دەچێت و ئامانجەکەی ناپێکێت..

جۆرێکی دیکەی بەفیڕۆدانی ســـامانی سرووشـــتیی و مرۆیی لە کایەی سیاســـیدا ئەوەیـــە کە: کۆدەنگیـــی نەبێت. نەبوونی کۆدەنگیی، پێش هەموو شتێك نیشانەی ئەوەیە کە مەرجەعێکی دەســـەڵات بوونـــی نییـــە و یەك قســـەیی نەبۆتـــە جێگرەوەی فرەقسەیی. ئەمەش وەها لێکدەدرێتەوە، کە بەرامبەر ناتوانێت، یان بە زەحمەت دەتوانێت، لێت بێتە پێشـــەوە بۆ هاوکاریکردن و بیروڕا گۆڕینەوە. نەبوونی یەکقسەیی لە مەسەلە هەستیارە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا، وا دەکات دەستەکانی یارمەتیی دەرەوە، دۆستان و بڕواداران بە خەبات و کێشەکەت، پەرتەوازە ببن و بەفیڕۆبچن، چونکـــە لە دۆخیی ئاڵۆزیی ناوخۆیی و فرە کوێخاییدا، هیچیان ناتوانن بڕیار بدەن کە ڕوو بکەنە کوێ و لەگەڵ کێدا بیروڕاکانیان بگۆڕنەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردن و دۆزینەوەی چارەسەر.

جۆرێکیتری بەفێرودانـــی وزەی نەتەوایەتی بریتییە لە نەبوونی وەســـێتنامە و گرێبەســـت لە نێـــوان لایەنە سیاســـیەکاندا، یان نەبوونی پەیمانێك، کە ئێســـتا ببەستێت بە داهاتووەوە و دڵنیامان بکاتـــەوە لەوەی کە داهاتوو نەبەســـترێت بـــە مانەوەی فیزیکی و بایۆلۆژیانـــەی ئەم لایـــەن و ئەو ســـەرکردەوە. نەبوونی وەها

پەیمانێك و هاوپەیمانییەك، بۆخـۆی لە ڕوانگەی داهاتووەوە و بۆ نەوەکانی پاشـەڕۆژ لە هەمان کایەی سیاسیدا، سەرلێتێکدەر و وزە خەسارکەرە.

ئەم سـێ جۆرەی بەفیڕۆدانی وزەیە لە ئێستای کایەی سیاسیی ئێمەدا، زۆر لە برەودایە، ئەگەر نەڵێم یەکێکە لە خەسـڵەتە هەرە دیارەکانی.

کایەی سیاسـیی ئێمـە ڕێزی ئەقڵانییەت ناگرێـت و بڕیار و ئەدگارەکانـی زیاتر لەوەی ئەنجامـی ئەقڵانییەت و تەگبیر و پلان بن، ڕەنگدانەوەی میزاج و بڕیار و پەرچەکرداریی شەخسین. نەبوونـی وەها ئەقڵباوەڕییەك لەناو ئەم کایەیەدا، بوارێکی زۆری بۆ تەفسـیر و ڕاڤـەی هەڵە بەجێهێشـتووە. ڕاڤەی هەڵە کاتێ دروست دەبێت، کە ئێمە نییەتی یەکتر نەزانین و بەڕاست و چەپدا و لەسـەر بنەمای سایکۆلۆژیایەکی کەڵەکەبووەوە، لێدوان بدەین. بڕیاری ئەقڵانیـی، پێش هەموو شـتێك هەڵگریی بنەماکانی ستراتیژیی سیاسیی و کۆدەنگییە.

نەبوونـی کۆدەنگیی لە نێوان لایەنەکانی دەسـەڵات و ئەمان و ئۆپۆزیسـیۆنەکان یەکێکە لە لۆگۆکانی ناسـینەوەی سیاسەتی کوردی. خەسـڵەتی ئەم نەوەیەی ئێسـتای سیاسییە کوردەکان ئەوەیە، لەسـەر هیچ شتێك کۆك نین و گرد نابنەوە، ئەوە نەبێت کە لەسـەر کۆك نەبوون، کۆکن!. ئەم خەسڵەتە وایکردووە، زۆرێك لە دەسـتەکانی یارمەتیی و دۆستانی کوردستان لەدەرەوە تووشی سەرسـووڕمان ببن و نەتوانن، یان نەیانەوێت، دەستپێشـخەریی خۆیان بە ئاراستەی چارەسـەرکردنی کێشە هەستیارەکان بکەن، لەوانە مەسـەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتێك لە کوردسـتان. نموونە دەهێنمەوە:

پێش چەند سـاڵێك بـەر لە ئێسـتا و لە ٢٠٠٣وە، لـە نەتەوە یەکگرتـووەکان و لـەلای ئەمەریکی و لـەلای بەریتانییەکان، کۆدەنگییەك هەبوو لەسەر ئەوەی ئەوان لە عێراقی نوێدا، مامەڵە لەگەڵ بەغدا وەك سەنتەرێکی سەرەکیی دەکەن و هیچ لایەنێکی دیکە بە فەرمیی ناناسـن. هەر کەس سەردانی سایتی فەرمیی ئەو ئۆفیسـانە بکات، کـە نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراو و وڵاتانە دەکات، بۆی دەردەکەوێ کە هیچکات وەها دۆکیۆمەنتێك نییە بۆ بەڕەسمییەت ناسینی هیچ لایەنێك و هەرێمێك، لە بەغدا زیاتر. ئەمێسـتا هەندێك لەمانـە بیروڕایان گۆڕاوە، هـۆکاری ئەم بیروڕاگۆڕینەش بارودۆخیی عێراق بەگشتی و نەبوونی ئاسایشی گشتییە لەو وڵاتەکەدا،. بێجگە لە هەرێمی کوردستان. هەربۆیەش لە ئێستادا ئۆفیسـەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەچاوێکی دیکە تەماشای عیراق دەکەن و زیاتر ڕوویان لە لقەکانیانە لە هەرێمی کوردسـتاندا. سەردانی سـەرۆکی ئەم ڕێکخراوە پێش ماوەیەك بۆ هەرێمی کوردسـتان و دانیشتنی لەگەڵ هەندێ لە سەرکردە کوردەکان، ئاماژەیەك بوو بە ئاراستەی ئەو دانپیانانە شاراوەیەی ئەم ڕێکخراوە بە هەرێمی کوردسـتاندا وەك سـەنتەرێکی باش بۆ کارەکانـی خۆیان. بەریتانییەکانیش نیگای خۆیان لەسـەر بەغدا گواسـتۆتەوە بەڵام بە کەمێ وریایی موحافیزەکارانەوە، کـە سرووشـتی سیاسـەتی ئەو وڵاتـە دەستنیشـان دەکات. ئەمەریکییەکانیش بەهەمان شـێوە لە نێوان ئەم دوو پێگەیەدان، بەبێ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان بە ئاشکرا دەرببڕن.

لێرەدا ڕاستییەك هەیە، کە پێویسـتە ئایدیاڵیزە نەکرێت: هەموو ئەم لایەنانە بەرژەوەندیی خۆیان لە عیراقدا هەیە و لە کوردستاندا بەتایبەتـی. بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان و بەرژەوەندییەکانـی کـورد (خاڵـی هاوبـەش)ن. بـەڵام ڕاسـتییەکی دەروونیش لەناو ڕاسـتیی یەکەمدا هەیە، کـە پێماندەڵێت: نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـووەکان، نە بەریتانییەکان و نـە ئەمەریکییەکان وەك جـاران بیـر لـە هەرێمی کوردسـتان ناکەنـەوە، چونکە لانیکەم لێرە بەرژەوەندییەکانیان هەڕەشـەیان لەسـەر نییە. وەلێ هیچکامێکیشـیان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان، دەستپێشـخەرنابن لە، بۆنموونە: دامەزراندنی دەوڵەتێك لە هەرێمی کوردسـتاندا. ئەمـە کار و بڕیاری کوردەکان خۆیانە، لەبـەر ئەوەی مافیانە وەها دامەزراوەیەکی سیاسـیان هەبێت، لە فۆرمی دەوڵەتدا، جا ناوەڕۆك و مۆدێلی ئەو دەوڵەتە هەرچییەك بێت. بۆیە وەستان و دۆشـدامان و چاوەڕوانیی کوردەکان لەم کاتەدا، بەفیڕۆدانێکی گەورەیە و نیشـانەی نەبوونی سەنتەرێکە کە هاوڕێیانی کورد و دڵسۆزانی کێشـەکەی، ڕووی تێبکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کورد نەیتوانیوە ئەو وێنەیە لەسـەر خۆی و لە سەر یەکگرتوویی گوتاریی سیاسـیی بدات، بۆیە ئەو وزەیەش کە لە ئارادایە بۆ بڕیاردان، بە فیڕۆ دەچێت و دۆست و دڵسۆزان سارد دەکاتەوە.

سـێهەمین جۆری بەفیـڕۆدان بریتییە لە نەبوونی میسـاق و پەیماننامەیەکی بانحزبیی و باڵاتر لە ناکۆکیی و پەیوەندییەکانی نێوان ئۆپۆزیسـۆن و دەسـەڵات، کە تیایدا سیاسەتی نەتەوەیی و سـتراتیژیی ئاییندەیـی دەستنیشـان کرابێـت. هەبوونـی پەیماننامەیەکـی وەها، جگە لە نەمرکردنی ناوی واژووکەرانی، ئاواش لە حاڵەتی بەئەنجام نەگەیشـتنی ئەم میساقە لە ماوەی ژیانی سەرکردەکانی ئێستادا، نامەیەکی کراوە دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتـوو. بوونی وەهـا پەیماننامەیەك لەسـەرووی بیروڕای ئایدیۆلۆژیی لایەنە پێکهێنەرەکانی دەسـەڵات و ئۆپۆزیسۆنەوە، جگە لە بەها پەروەردەیی و سیاسـییەکەی، ئاواش هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراسـتەی نەتەوەسـازیدا. لەمەشـدا بەفیڕۆدانێك ئامادەیـی هەیە و بەدگومانیـی و بێبتمانەیی کە هەردووکیان پاشـماوەی زەینییەتی پێشمۆدێرنن، لە سیاسـەتی کوردەکاندا، بەرجەستە دەکەن.

ئەم ساتەوەختەی تێیدا دەژین، پێویستە لە ساتەوەختی پەرچەکردار و گەڕانەوە بـۆ یادوەریـی کەڵەکەبووی نێـوان لایەنەکانەوە، بیگوێزینەوە بۆ سـاتەوەختێکی دۆستانەتر. ئێمە هەموومان پڕ و بێتاقەت بووین لە پرۆسە و سیحرەکانی بەدوژمنکردنی بەرامبەر و پیشاندانی یەکتر لە سـیمای دێوێکی زەبەلاح، یان جرجێکی ترسنۆك، بەڵام بە مقاوەمەت! ئەدەبیاتی هەمووان پڕە لەو ڕستە و داڕشـتنانەی کە مەودای نێوانمان بەرینتر دەکەن و ئەو ڕستە و داڕشتنانەی لێکرتیان دوورخستوینەتەوە، هێندەی شانامەن، کە لە پشتیانەوە گەلێك ڕووداوی دڵتەزێن بەرهەمهاتوون و کۆمەڵگا باجەکەی داون.

بۆیە پرسـیاری سـەرەکیی لە ئێسـتادا ئەوەیە، کەی سەرکردە کوردەکان دەسـت لە بەفیڕۆدانەکان و زەینییەتی پەرچەکردایی هەڵدەگـرن و پێکەوە و بە پـلان و تەگبیری ئەقڵانیی، داهاتوو دەخوڵقێنن؟

***مامۆستا لەبەشی فەلسەفە، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین**

**لە کایەی سیاسیدا، وزەی نەتەوایەتی بەزۆر شێواز بەفیڕۆ دەدرێت. یەکێک لە شێوازەکان ئەوەیە، ئەو کایە سیاسییە هووشیار و ئاگا نەبێت بە بوونی وەها وزەیەکی نەتەوایەتی، لەدەرەوەی کایەی ئابووریی و سامانە سرووشتیی و گشتییەکان**

**هەموو ئەم لایەنانەی بەرژەوەندیی خۆیان لە عیراقدا هەیە و لە کوردستاندا بەتایبەتی. بەرژەوەندییەکانی ئەوان و بەرژەوەندییەکانی کورد (خاڵی هاوبەش)ن**

**ئێمە هەموومان پڕ و بێتاقەت بووین لە پرۆسە و سیحرەکانی بەدوژمنکردنی بەرامبەر و پیشاندانی یەکتر لە سیمای دێوێکی زەبەلاح، یان جرجێکی ترسنۆک**

## سوعات كینگلیئۆغلۆ بۆ گوڵان:

# پەرەسەندنە ئیقلیمیەكان بە ئاراستەیەک ناوچەكە دەگۆڕن لەوانەیە نەناسرێتەوە



سوعات كینگلیئۆغلۆ یەكێكە لە سیاسەتمەدارەكانی پارتی داد و گەشەپێدان و جێگری سەرۆكی لیژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوەیە لەپەرلەمانی توركیا و پێشتریش یەكێك بووە لە ئەندامی پەرلەمانی ناتۆ گرووپی توركیا، هەروەها دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیژییە (STRATIMA) بۆ قسەكردن لەسەر بارودۆخی ناوچەكە و هەوڵەكان بۆ چارەسەری كێشەی كورد لەتوركیا و پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، چەند پرسیارێكمان ئاراستەكرد، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** بارودۆخی ناوچەکە چۆن دەبینیت بە تایبەتی کە پێشبینی ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکرێت؟**

- گومان لەوەدایە نییە کە بێداربوونەوەی عەرەبی بووە هۆی خێراتربوونی هەندێ پەرەسەندنی ئیقلیمی گرنگ و پێموایە بە بەراورد بە ڕابردو ناوچەکە بە شێوەیەك دەگۆڕێت کە نەناسرێتەوە. ئەو ململانێیەی لە سوریادا هەیە بە کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد کۆتایی دێت و ئاسانکاری دەکرێت بۆ پرۆسەی ڕاگوزەری ئاسایی بە ئامانجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و ئومێدەکە ئەوەیە ئیرادەی خەڵکی سوریا لە یەکەم هەڵبژاردندا ڕەنگ بداتەوە و قۆناخی ڕاگوزەری قۆناخێکی دورودرێژ نەبێت، لەبەر ئەوەی وەك دەزانن بۆ ماوەیەکی زۆرە ململانێ لەسەر خاك هەیە و توندوتیژیەی زۆر لە ئارادایە. ئەوە ڕاستە کە لەگەڵ ڕۆیشتنی رژێمی ئەسەددا پێشبینی ڕوودانی پشێوی دەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا پێشبینی دەکرێت ژیانی ئاسایی بۆ سوریا بگەڕێتەوە و حکومەتێکی ئاسایی دابمەزرێت لەم وڵاتەدا. بە دڵنیاییەوە ئێمە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین لە سوریا، هەروەها لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکەین کە ئاشکرایە حکومەتی ئێستای تورکیا پەیوەندیەکی زۆر گرژی هەیە لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی لە عیراقدا. کەواتە هەموو پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێکەوە پەیوەستن. ئەمە مایەی نیگەرانیەکی زۆرە بۆ تورکیا، کە سنوری لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێراندا هەیە. خۆشبەختانە ئومێد دەکرێت بەم زووانە زاڵبن بەسەر ئەم گرژی و ڕووبەڕووبوونەوانە بۆ ئەوەی سوریا بنیات بنرێتەوە و پەیوەندیەکی ئاسایی هەبێت لە نێوان تورکیا و سوریادا.

*** عێراق، تورکیا بە دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەی تۆمەتبار دەکات، بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئایندەی وڵاتەکە چۆن دەبینیت؟**

- ئێمە زۆر نیگەرانین لەو جۆرە لێدوانانە، لەبەر ئەوەی هەمیشە تورکیا لەگەڵ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و یەکێتی سیاسی ئەو وڵاتەدا بووە، ئێمە نیگەرانین لەوەی گرژیەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا، نێوان بەغدا و هەولێر خراپتر بێت، ئەمە سەرچاوەی نیگەرانیەکی سەرەکیە بۆ تورکیا. ئێمە پەیوەندیەکی ئاساییمان دەوێت لەگەڵ عێراقدا، بەڵام بە داخەوە حکومەتی بەغدا تێڕوانینی زۆر تائیفیانەی هەیە و دەستی کردووە بە ڕەخنەگرتن لە تورکیا، بە تایبەتی دوای ئەوەی سیاسەتی تورکیا لە ئاست سوریادا دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد بوو. پێموایە مالیکی سیاسەتێکی زۆر مەترسیداری گرتۆتەبەر، نەك هەر تەنیا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی لە عێراقدا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی تەواوی ناوچەکە، چونکە هەروەك دەزانین ناوچەکە لە هەل و مەرجێکی زۆر لەرزۆك و زۆر گرژدایە، ئومێدەکە ئەوەیە تێڕوانینێکی پتر بەرپرسیارانە لە بەغدا باڵادەست بێت.

*** تا چەند تورکیا بارودۆخی هەرێمی کوردستانی بەلاوە گرنگە، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراق هەڕەشە لەسەقامگیری ئەم هەرێمە دەکات؟**

- ئەمە مایەی بێزارییەکی لە ڕادەبەدەرە بۆ ئێمە، کوردستانی عێراق دراوسێیەکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە، و ئێمەش پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر زۆر بەرز دەنرخێنین، هەروەك دەزانن لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پەیوەندیانە بە ڕەوتێکی خێرا بەرەو پەیوەندیگەلێکی سیاسی و ئابووریی هەنگاویان نا. ئێمە هەموو جۆرە پەیامێك بۆ بەغدا دەنێرین کە پێویستە وریا بێت لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەولێر و هەڕەشەکردنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە باکوور، لەلایەن حکومەتی مالیکیەوە مایەی قبوڵکردن نییە. بەلای ئێمەوە هەرێمی کوردستانی عێراق شەریکێکی ستراتیجیە و حاڵی حازر لە چەندین بواردا هاوکاری یەکتر دەکەین و پێموایە ئەمەش ڕێگاچارەیەکی تەندروستە بۆ خەڵکی هەردوولا، بەڵام ئێمە لە نزیکەوە چاودێری پەرەسەندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین.

*** ئەگەر مالیکی فشار بخاتەسەر هەرێمی کوردستان، فشاری سەربازی بێت یان هەر شێوازێکی دیکە، ئایا تورکیا بە چ شێوەیەك پاڵپشتی کوردستان دەکات؟**

- پێموایە سەرۆك وەزیران ئەردۆغان لە چەند بۆنەیەکدا پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە کە تێیدا گوزارشتی لەوەکردووە کە تەماشاکار نابێت و پشتیوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات ئەگەر- ئەگەرچی ئەمە شتێکی خوازراو نییە-ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستانی عێراقدا رووبدات.

*** تا چەند تورکیا هەنگاوی جدی ناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا، بە تایبەتی کە گفتوگۆی لەگەڵ ئۆجەلاندا کردووە و هەوڵی چارەسەری ئاشتیانە دەدات لەگەڵ پەکەکەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە پەرەسەندنێکی نوێیە و ئێمە لە نزیکەوە چاودێری دەکەین، حکومەت ئیرادەی خۆی پیشانداوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلاندا لە زینداندا و پێدەچێت حکومەت لاپەڕەیەکی نوێی کردبێتەوە و دەستی کردۆتەوە بە پرۆسەیەك کە سازدانەوە و ئامادەکردنەوەی «rehabilitation» پەکەکە لە خۆبگرێت، کە بوار بە چارەسەری ئاشتیانە کێشەی کورد بدات. لە ڕاستیدا هێشتا زووە بزانین چ دەرئەنجامێکی دەبێت. لەبەر ئەوەی لە ڕابردووشدا چەند هەوڵێك دراوە، بەڵام بە داخەوە سەرکەوتوو نەبوون. بە تێڕوانینی من ئامانجی ئەم کارە بریتییە لە دوورخستنەوەی جەنگاوەرانی پەکەکە بۆ دەرەوەی خاکی تورکیا و دواتر دەست بە گفتوگۆ بکرێت، من نازانم کاردانەوەی پەکەکە چی دەبێت و من نازانم بەڕێز ئۆجەلان چەند دەسەڵاتی ماوە بەسەر پەکەکەدا. بەڵام لە مانگەکانی داهاتوودا دەبینین چۆن ئەمە پەرە دەسەنێت، بەڵام تێڕوانینی تورکیا، بە تایبەتی تێڕوانینی شەخسی من تێڕوانینێکی پەرۆشانەیە بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ببینین و بە دڵنیاییەوە پێشوازیەکی زۆر لەم کارە دەکەین.

**مالیکی سیاسەتێکی زۆر مەترسیداری گرتۆتەبەر، نەک هەر تەنیا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی لە عێراقدا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی تەواوی ناوچەکە**

**هەموو جۆرە پەیامێک بۆ بەغدا دەنێرین کە پێویستە وریا بێت لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەولێر و هەڕەشەکردنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە باکوور، لەلایەن حکومەتی مالیکیەوە مایەی قبوڵکردن نییە**

**حەســـەن ســـەلیم یەکێکـــە لـــە تۆژەرەکانی ئامۆژگای یۆســـاك (USAK) بۆ دیراساتی ستراتیژ و نێودەوڵەتی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پەیوەندی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها ســـتوون نووسی تورکیش ویکلی جۆرناڵە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هەوڵەکانی تورکیا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا و دانوســـتانەکانی لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ حەسەن سەلیم ئەنجامدا.**



حەسەن سەلیم ئوزەرتەم بۆ گولان:

# بۆ گەیشتن بەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا پێویستە پەکەکە پابەند بێت بە ئاگربەست

*** ئێســـتا بەپێی بۆچوونی زۆر لە چاودێـــران کاتی ئەوە هاتووە چاوەڕێی رووخانی رژێمی ئەســـەد بکرێت، ئەگەر ئەمە رووبدات چ گۆڕانێك لەناوچەکە روودەدات؟**

- سەبارەت بە ســـوریا، ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە رژێمەکەی ئەسەد چیتر ناتوانێت کۆنترۆڵی وڵاتەکە بەتەواوەتی بکات، بەتایبەتی لەبەرئەوەی سوپای ئازاد و گرووپە چەکدارەکانی دیکە پەناگەی ئارامیان لەناو خاکی سوریا هەیە لەکاتێکدا هێزەکانی ئەسەد دەتوانن تەنیا چەند پارچەیەکی دیاریکراو لە ســـوریا کۆنترۆڵ بکەن، هەر لەمڕووەیشـــەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەڕەشە لە ســـوریا-وە سەرچاوە هەڵگرێ لە ناوچەکە و بڕوات بەرەو ئاڕاستەی تورکیا و عێراق و لوبنان و ئوردون ...وتـــاد. تورکیا لە هەوڵدانە بـــۆ یارمەتیدانی ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەپێناو دابینکردنی پاڵپشتی و هاریکاری لەمیانی پرۆســـەی گۆڕینی رژێم لە سوریا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەبەرئەوەی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات یەکێکە لە ئامانجەکانی تورکیا.

*** لەم بارودۆخەدا خەریکە بـــاری عێراقیش بەرەو ئاڵۆزی دەچێـــت، ئایا تاچەند ئـــەم بارودۆخە کاریگەری لەســـەر**

**گۆڕانکارییەکان دەبێت؟**

- پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بینیمان حکومەتەکەی مالیکی سیاسەتی تایفەگەرانەی پیادەکرد، لەلایەنێکی دیکەشەوە حکومەتەکەی مالیکی لە هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی پێگەکەی لە وڵات لەڕێگەی لەدەستگرتنی ژمارەیەك وەزارەتی دیاریکراو، بۆنموونە وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها هێزە ئەمنییەکانی وڵات و سوپا، هاوکات لە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی چوارچێوەی دەستووری لە عێراق، لەلایەنێکی دیکەشەوە لە پێشهاتەکانی ئەم دواییانەدا لەبارەی تاریق هاشمی و ساڵح موتڵەگ و رافع عیساوی کە بوونەتەهۆی ئەوەی پسپۆر و چاودێران لە تورکیا نیگەران بن لەبارەی ئایندەی عێراق لەبەرئەوەی ئەو کەسایەتییانە نوێنەری عەرەبی سوننە بوون لە عێراق هەربۆیەیش بەردەوامبوونی فشاروگوشاری زیاتر لەسەر ئەو کەسایەتییانە دەبێتەهۆی لێکترازانی زیاتر لەنێوان سوننەکان و شیعەکان، لەلایەنێکی دیکەوە و لەڕووی کێشە دەستوورییەکان و ئاییندەی کەرکوك و ئەگەرەکانی بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەو شارەدا هەڕەشەیەکی دیکەیە کە ئەو شتەیش کاریگەری نێگەتیڤانەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام نەك لەسەر سەقامگیریی عێراق بەتەنیا، بەڵکو لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە بە تەواوەتی و لەمڕووەیشەوە تورکیا لە هەوڵدانە بۆ زیاتر چەسپاندنی سەقامگیری بەتایبەتی لە باکووری عێراق و پاڵپشتی لە سەقامگیریی ناوچەکە دەکات بۆئەوەی بۆ سەرتاسەری عێراق-دا بڵاوەبکاتەوە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی ناوەندی بەهەڵە لە مەبەستەکانی تورکیا تێیگەیشتووە و پێیوایە تورکیا دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق دەکات.

*** ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە بە تایبەتی گرژییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێت؟**

- سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەلای تورکیاوە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی بزنسمان و کۆمپانیا و دیپلۆماتکاری تورکیا لەو هەرێمە بوونیان هەیە، لەلایەنێکی دیکەوە پێموایە کە تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند سەرچاوەیەکی وزەی وڵات لەژێر کۆنترۆڵیتی و لەئەنجامیشدا تورکیا تاکە دەروازەیە بۆ گرێدانی کوردستان لەگەڵ ئابووریی جیهانی لەبەرامبەریشدا تورکیا خاوەن ژێرخانی جێگیرە و یاریدەدەرە بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانی بۆ ئابووریی جیهانی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

*** بۆ تورکیا گرنگە هەوڵبدات کێشەی کورد لەوڵاتەکەی خۆی چارەسەر بکات، ئەم هەوڵانە هەستی پێدەکرێت، بەڵام هەنگاوی خێرای بۆ هەڵنەگیراوە، ئایا چاوەڕێ دەکرێت هەنگاوەکان خێراتر بکرێن؟**

- سەبارەت بە پرسی کوردی تورکیا، پێموایە تورکیا دەتوانێت مامەڵە بکات لەسەر هەردووك لە ئاستەکاندا: لەڕووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها لەڕووی پرسی کورد لە ناو تورکیا، لەبەرئەوەی ئەو دوو مەسەلەیە لە یەك جیاوازن بەشێوەیەك کە یەکێکیان کێشەیەکی سیاسیی ناوخۆیە لەکاتێکدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان شتێکی پەیوەستدارە بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، پێموایە کە تورکیا بەمدواییانەدا هەنگاوی زۆر گرنگی گرتووەتەبەر لەڕووی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەڕێگەی کارکردن لەسەر میکانیزمی سیاسی.

*** دواپرسیار: تورکیا لە هەوڵدانە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە، تاچەند ئەم هەنگاوانە جددین و ئەنجامەکانی چۆن دەبینی؟**

- سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چەندین رەهەندی جیاوازی هەیە بەشێوەیەك کە یەکێك لەو رەهەندانە بریتییە لە بەگژداچوونەوەی تیرۆر، رەهەندێکی دیکەیش بریتییە لە گرتنەبەری رێگەچارەی سیاسی لەڕێگەی گفتوگۆکانی نێوان عەبدوڵا ئۆجەلان و حکومەتی تورکیا، لەلایەنێکی دیکەشەوە و لەپێناو پاراستنی سەقامگیری ئەوە پێویستە لەگەڵ هاوبەشەکانمان هەماهەنگ بین لە ناوچەکە، هەر لەم ڕووەیشەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە سەرکەوتنی تورکیا لە گفتوگۆکان پەیوەستدارە بە دۆزینەوەی رێگەچارەی ئاشتییانە بۆ کێشەکان، بەڵام سەبارەت بە گفتوگۆکان لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان ئەوە چەند کێشەیەك لەئارادا هەیە لەبەرئەوەی بەڕای من پێناچێ عەبدوڵا ئۆجەلان کاریگەریی لەسەر پ.ك.ك مابێ، هەربۆیەیش باوەڕناکەم بتوانین پشت بەو گفتوگۆیە ببەستین لەبەرئەوەی چەند ساڵێك بەرلەئێستا حکومەتی تورکیا لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان دانوستان و گفتوگۆی دەکرد و شتەکان زۆر بە نەرم و نیانی بەڕێوەدەچوو، بەڵام پ.ك.ك بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی هێرشەکانی لەدژی پۆلیس و سڤیل و ناوچەکان لە تورکیا، هەربۆیە پێموایە سەرکەوتنی گفتوگۆکان پەیوەستە بەوەی کە پ.ك.ك هێرشەکانی رابگرێت، ئەگەرنا ئەوە بەپێچەوانەوە پێناچێ لایەنەکان بگەنە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ستراتیژییەتەکانی ئەمڕۆی حکومەتی تورکیا بکەین دەبینین هەنگاوی جددی ئەنجامدراوە بۆ بەکۆتاهێنانی چەکداری پ.ك.ك لە وڵات لەبەرئەوەی ئەمڕۆ تەنیا بیرۆکراتەکان نین کە لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان گفتوگۆ دەکەن، بەڵکو وەزیرەکان و ئاژانسی هەواڵگریش لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان دانوستان دەکات، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە تورکیا بایەخێکی زۆری بەم مەسەلەیە داوە، بۆ گەیشتن بە چارەسەری یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەو رێکخراوە(پ.ك.ك)، ئەوا پێویستە پەکەکە هێرشەکانی رابگرێت و پابەند بێت بە ئاگاربەستەوە بۆ ئەوەی بەشێوازی ئاشتیانە بتوانیت چارەسەرێك بدۆزیتەوە.

**تورکیا لە هەوڵدانە بۆ زیاتر چەسپاندنی سەقامگیری بەتایبەتی لە باکووری عێراق و پاڵپشتی لە سەقامگیریی ناوچەکە دەکات بۆئەوەی بۆ سەرتاسەری عێراق-دا بڵاوەبکاتەوە**

**تورکیا بەمدواییانەدا هەنگاوی زۆر گرنگی گرتووەتەبەر لەڕووی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەڕێگەی کارکردن لەسەر میکانیزمی سیاسی**

# ئاوارە سوورییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



شەڕی ناوخۆی سووریا کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بەپێی دوایین ئامارەکانی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان قوربانییەکانی دەستی توندوتیژییەکان بە زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لەقەڵەم دەدەن. چەند بەشێکی حەلەب و شارە گەورەکانی دیکە وێران بوونە، هێشتا پێناچێت شەڕەکە کۆتایی پێبێت.

لە نێو ئەو قوربانییانەدا کە زۆرترین کارەساتیان بەسەردا هاتووە خەڵکە مەدەنییە بێتاوانەکانن کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون یاخود ناچارکراون جێیبهێڵن، کە جگە لەو جل و بەرگەی لەبەریاندایە تەنیا شتێکی کەمیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە. ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا باسیان لەم کارەساتە کردووە، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە زۆرترین تەرکیز لەسەر ئەو ئاوارانە کراوە کە هەڵاتوون بۆ تورکیا، یان لوبنان. لەگەڵ ئەوەشدا، شەپۆلێکی دیکەی ئاوارەکان لە ئارادایە. کە پێکهاتووە لەو سووریانەی هەڵاتوون بۆ عێراق- کە بە زۆری ڕوویان کردۆتە کوردستانی عێراق.

گەورەترین کەمپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بریتیە لە کەمپی دومیز، کە نزیکە لە سنوری سوریاوە. کاتێك بۆ یەکەمجار ئەم کەمپە دامەزرا، دەسەڵاتدارانی کوردستان ١١٠ ئەیکەریان «acre» بۆ تەرخانکرد. ئەگەرچی پێیان وابوو نزیکەی دوو ملیۆن کورد لە سووریا دەژین، بەڵام پێشبینیان کرد ١٥٠٠ کوردی سووریا پەنا بۆ عیراق ببەن.

بەڵام دەرکەوت ئەو پێشبینییە تا دوا ڕادە گەشبینانە بوو. لە مانگی دیسەمبەری رابردوو لانی کەم ٣٨،٠٠٠ ئاوارە لە کەمپی دومیزدا هەبوون، و ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠ ئاوارەی نوێ دەچنە ئەم کەمپەوە کە ڕووبەرەکەی بۆتە ٢٧٠ «ئەیکەر». لە سەرتاسەری کوردستاندا، تێکڕای ژمارەی ئاوارەکان لە ٥٢،٠٠٠ تێپەڕدەکات و ژمارەکەش



بەرەو زیاتر لە ٦٠ هەزار هەڵدەکشێت. تێکڕای ئەم ژمارەیە کورد نین، بەڵام زۆرینەیەکی زۆریان کوردن، سەرچاوەیەکی دیکەی گرژیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بەغدا چۆنییەتی ئیدارەدانی کێشەی ئاوارەکانە.
کاتێك لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمدا سەرۆك وەزیران نوری ئەلمالیکی بە شێوەیەکی کاتی سنوورەکانی بە ڕووی ئاوارەکاندا داخست کوردەکانی هەردوو دیوی سنوور دووچاری گرفت بوون و بە گوومانەوە لەم هەڵوێستەیان ڕوانی.
هەروەها کاتێك بەغدا سوپای حکومەتی بەرەو باکوور و بە درێژایی سنوورەکانی سوریا بڵاوەپێکرد، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان ئەم جموجوڵەیان خستە ژێر چاودێرییەوە. بە گومان بوون لەوەی ئەم بڵاوەپێکردنەی هێز ئامانجێکی دووسەرەی هەبێت-نەك تەنیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی عیراقە بەوەی ڕێگە بە پەڕینەوەی کاریگەرییەکانی شەڕی سوریا نەدرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ بەهێزکردنی بوونی سەربازی بەغدا لە باکوور و دروستکردنی بنکەیەك بوو بۆ ترساندنی هەرێمی کوردستان. کەواتە قەیرانی ئاوارە سووریەکان بۆتەمایەی ئاڵۆزکردنی ئەو ڕووبەڕووبونەوە مەترسیدارەی لە ناوخۆی عیراقدا هەیە.
زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان بارگرانییەکی دارایی دەخاتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان (krg) و هاووڵاتیانی، بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆك. خەرجی دابینکردنی خۆراك، و شوێنی مانەوە و چاودێری تەندروستی بۆ دەیان هەزار لە ئاوارە هەڵاتووەکانی سوریا بۆ کوردستانی عێراق لە ئێستادا پتر لە ١١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ڕێژەیە بۆ دووهێندە بەرزبێتەوە لە بەهاری ٢٠١٣دا.
هەروەها ئەمە ئاکامی سیاسی و دیبلۆماسیی هەستیاری لێدەکەوێتەوە. دەسەڵاتدارانی بەغدا نیگەرانن لەوەی شەپۆلی ئاوارەکانی کوردی سووریا بۆی هەیە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە ئەمەش وا دەکات کەمتر ڕێز لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی وەربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان (krg) پێیان وایە دەسەڵاتی سەرەکی و کاریگەریی ئەودیو سنوور، واتە لە هەرێمی کوردستانی سوریا بریتییە لە میلیشیای YPG، کە پەیوەستە بە پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردییەوە (PYD). پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردیش (PYD) پەیوەندیی نزیکی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە(پەکەکە) لە تورکیاوە، کە پارتێکی چەپی ڕادیکاڵە، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان (KRG) نیگەرانن لە زیادبوونی ئاستی گرژی لەگەڵ ڕژێمی ئەنقەرەدا- نیگەرانییەکەشیان مایەی تێگەیشتنە.
واشنتۆنیش بە بایەخ و ناڕەحەتییەکی زۆرەوە چاودێری هەموو ئەم پەرەسەندنانە دەکات. بەڵگەش لەسەر ئەمە پێشنیارنەکردنی ئیدارەی ئۆبامایە( چ جای ئەوەی چالاکانی پشتیوانی لێبکات) بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی کوردستانی باکوری سوریادا، بە چەشنی ئەوەی لە ساڵانی کۆتایی حکومڕانی سەددام حوسێندا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراقدا کردی. سەرکردەکانی ئەمەریکا لەوە تێدەگەن کە هەم ئەنقەرە و هەم بەغدا بە توندی بێزار دەبن بە هەنگاوێکی لەم چەشنە، ئەگەرچی هەندێ پشتیوانیشی لێبکرێت لەلایەن هەولێرەوە.
واشنتۆن پەرۆشە کە ئەم کێشەیە نە عێراق و نە تورکیای هاوپەیمان بکاتە دوژمنی خۆی. بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان بە خێرایی تێدەپەڕن، و قەیرانی کوردە سووریەکان- کە ڕووی لە زیادبوونە- فشارێکی هەمەلایەنە لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دروست دەکات. بۆی هەیە واشنتۆنیش بە ئاسانی دووچاری قەیرانێکی دیبلۆماسی هەمەلایەنە ببێتەوە.

**زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان بارگرانییەکی دارایی دەخاتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان (krg) و هاووڵاتیانی، بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆك. خەرجی دابینکردنی خۆراك، و شوێنی مانەوە و چاودێری تەندروستی بۆ دەیان هەزار لە ئاوارە هەڵاتووەکانی سوریا بۆ کوردستانی عێراق لە ئێستادا پتر لە ١١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە**

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی رۆژهەڵاتی ناوەراست) و (گۆڤاری گوڵان).**

# لە جینالۆژیای نیچەوە

جینالۆژی هیچ کاتێك پرۆسەیەکی توێژینەوەی ئاشتییانە بۆ جڵەوگرتنی مانا داناهێنێت، بەڵکو جەنگ و شەڕ بۆ ڕاڤەکردن بەرپا دەکات، هەر کاتێك لە مانا بدوێت، ئەوە لە گەڕاندا دەبێت بۆ دۆزینەوەی ستراتیژییاتی هەژموونکاری، جینالۆژیا مێژوو وەك حەلەبەی ململانێ دەبینێت، لە هێزو دەسەڵات زیاتر چیتری تێدا نابینێتەوە، مێژوو بەلای جینالۆژیاوە پێشکەوتنی هزرییانەی گەردوونی نییە، بەڵکو گەمەی جێگۆڕکێ و گواستنەوەیەکە لە قۆرخکارییەوە بۆ قۆرخکاری دیکە دەگەڕێت، سەرەڕای ئەمەش ناچارە لە ئاست سەرەتاو بەرایییەکاندا بوەستێت، بەڵام سەرەتاکان بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە، نەك وەك ئەوەی پێویستن بەڵکو وەك ئەوەی ڕێگەپێدراون، نەك وەك ئەوەی بریتین لە حەقیقەت، یان حەقیقەتی حەقیقەتەکانن، بەڵکو وەك ئەوەی جۆرێکن لە هەڵە کە هێشتا فیلمەکانیان نەشۆردراونەتەوە



عەبدولسەلام بنەعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەم بابەتەدا ئەسڵی ناوی زاراوە بیانییەکە کە جینالۆژیایە وەکو خۆی بەکاری دەهێنمەوە، تا ماناکەی لە هەموو لادانێك دوور بخەمەوە، چونکە ئەو وشە ناولێنراوانەی تا ئێستا بەکارهاتوون دەروەستی واتاکانی خۆیان نین، لەوانە((زانستی سەرجەلە)) یان ((زانستی دروست بوونی مەنزڵ)) یان (( زانستی بونیات)) لە زۆربەی وەرگێڕانەکاندا قوربانی دراوە بە دەلالەتەکانیان، لە زۆربەی بارەکانیشدا دەستەواژەکان لنگاوقوچ کراونەتەوە، ڕەنگە بتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر جینالۆژیا کە چ مانایەکی لە پشتەوەیە، لە بنەڕەتدا، وا دانراوە دژ بە چەمکی پێکهاتەیی پەرەسەندن بۆ مێژوو، ئەگەر زاراوەکە بە ڕاستی لە بنەڕەتەکەیەوە بگاتەوە بە تانوپۆی دروست بوون و پێکهاتەیی، ئەوە مێژووی جینالۆژیا وەك لە لای دانەرەکەی خەملیوە کاردانەوەیەکە دژ بە هەموومێژووی پێکهاتەیی بوون، بەڵام ئەرکی بەدواداچوونی پەرەسەندن ئەوە لە ئەستۆدەنێت کە لەسەر دۆزینەوەی شوناسنامەکان هەڵوەستەیەك بکەین، جینالۆژیا بۆیە دروست بووە تا ئەوەمان لە لا بچەسپێنێت کە بەدواداچوونی پەرەسەندن بە تەنیا ئامانج ناپێکێت، وا لە بنەڕەتەکەش دەکات لە دەستمان دەربچێت، بە تەنیا باکگراوەندە کە توانامان پێ دەبەخشێت، نەك بۆ دۆزینەوەو دیارکردنی ناسنامە، بەڵکو ڕێگەمان بۆ ئاوەڵا دەکاتەوە تا جیاوازییەکان بخەینە ڕوو، هەڵوەستە لەسەر ڕیزبەندییەکان بکەینەوە..

کەواتە جینالۆژیا نە زانستی سەرجەلەیە، نە شوێنکەوتنی بنەچەیە، تەنانەت درەختی خانەوادەییش نییە ڕەگەکانی ڕۆچووبنە قووڵایی سەرجەلەوەو پەل و پۆیەکانیشی بەرەو ئاسمان هەڵکشا بن، هاوکات ناشبێتە مێژووی پێکهاتەیی پەرەسەندنەکە، وەك وتم لە بنەڕەتدا وەستانەوەیە لە دژی چەمکگەلی بنەچەیی بە مانا میتافیزیکیەکەی، ئەو بنەچەیەی کە لە لایەن میتافیزیکەوە هەمیشە بەر لە کەوتن و بەربوونەوەو لە پێش جەستەو لە پێش جیهان و لە پێش زەمەنەوە دەکەوێتەوە..

چونکە میتافیزیك وای پێ باشە بڕوا بهێنێ بەوەی شتەکان لە دەسپێکی دروست بوونەوە سروشتیانە خۆیان ڕسکاون و کامڵ بوون، لە بن دەستی داهێنەرەکەیانەوە دەرهاتوونەتە دەرەوە، لەگزنگی یەکەم بەیانەوە، بە بریق و ڕۆشنایی خۆڕسکانەی خۆیانەوە پێکهاتوون، بەڵام جینالۆژیا وای دەبینێت کە لە پشت شتەکانەوە شتانێکی دیکە هەیە، حەقیقەتێکی نەمرو پیرۆزیی بۆ شتەکان بوونی نییە، بەڵکو شتەکان بە بێ حەقیقەتن.

لەم میانەیەوە سەرەتا پێویستە دوو چەمکی بنەچەیی لە یەکتر جودا بکەینەوە: بنەچەی میتافیزیك کە میتافیزیکا بەرجەستەی کردۆتەوە لە(( بەشوێنگەڕانیدا بۆ دەلالەتە ئایدیاڵیەکان و غائیاتە نادیاریکراوەکان)) ئەوەی دیکەیان کە جینالۆژیایە دەیەوێت ببێتە دژو پێچەوانەی چەمکی یەکەم، بە وردی ئەمەیە کە مێژووی جینالۆژیا ئەزموونی کردووە تا پێکی بهێنێت..

یەکەمین بنەچە بریتییە لە گوتەزای بنەچەی یەکەم، ئەو چرکەساتە نایابەیە کە خەسڵەتەکانی تێدا دیاری دەکرێت و ناسنامەشی بۆ دادەنرێت، ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا شتەکان وێنەی چەسپاوی خۆیان قاڵبدەگرن، بە شێوەیەك شت بکەوێتە پێش هەر ڕووبەڕووبوونەوەو بەریەککەوتن و پێکەوتنێکەوە، ئەو چرکەساتەوەختەی کە ئەرك و کارەکان وا دەکەونەوە کە ڕوویانداوەو تەواوبوون، لە پێناوی ئەوەی بنەڕەتی هەر شتێك دیاری بکات کە ڕوودەدەن یان دەقەومێن، بنەچەی یەکەم بریتییە لە مەنزڵ و نشینگەی حەقیقەتی شتەکان، کە وایان لێ دەکات وەك خۆیان بمێننەوە، یان زانیاری دەربارەیان و درك کردن بە حەقیقەتیان وەك کارێکی پێشبینیکراو دەربچێت، بەو شێوەیە دایدەمەزرێنێت، یان ئەوە دادەمەزرێنێت کە پێویستە مەعریفەی لە بارەوە هەبێت..

دژ بەم بنەچەیە، جینالۆژیا دروست دەبێت، تا سەرپەرشتی مێژوویی بکات، لە بری بڕوا هێنانی بە میتافیزیك، تا لە هەوڵێکدا ئەوە دەربخات کە نهێنییە گەوهەرییەکانی شتەکان هەمان نهێنی گەوهەرییانە نیین، بەڵکو چۆنییەتی دروست بوونیان وردە وردەو بە کاوەخۆ پێکدێت، لە شتەکانی کە پێی نامۆیە پێکدێت، تا ئاماژەیەك بدۆزێتەوە، ئەوەی لە دەسپێك دەیدۆزینەوە حەقیقەت نییە بۆ شتەکان، ئەو بنەچەیە نییە کە دادەمەزرێت، ئەوناسنامەیەش نییە کە سەیف دەبێت و دەپارێزرێت، بەڵکو پەرتەوازەو پەرت و بڵاو دەبێتەوە..

لە کاتێکدا مێژووی میتافیزیك لە هەوڵدایە ئەو ڕووداوە ناوازانە بتاوێنێتەوە کە لە سوڕگەیەکی بەردەوامدان و لە پنتە بنەچەییەکەی خۆیانەوە بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکەی خۆیان دەرچوون، بەڵام جینالۆژیا ڕووداوێك دیاری دەکات تا ناوازەی بکات، ئەوەی مێژووی پەرەسەندن پێی هەڵدەستێت وەستانە لە ئاست خودی حاڵەتەکە، بە تێڕامانکارییەکی دیاریکراوەوە تا خەسڵەتی غایەت و ئامانجی بۆ زیاد بکات، ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە مانای مێژوو و ئاراستەکردنەکانی، مێژوو بە بێ ئەو بنەچەو غایەتە ناگەڕێتەوە، بەڵام جینالۆژیا ئەگەر ئیسپات کردنەوەیەك نەبێت بۆ بنەچەیەکی ڕەها کە شتگەلی لێوە دەرچوون، ئەگەر وەستانێك نەبێت لەسەر خودی غایەت خۆی، ئەوە لەبەر ئەوەیە بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ سەرلەنوی

ڕاڤەکردنەوەیەکی دانەپچڕاو، بە واتە گەڕانێك نییە بە شوێن یەکەمین مانادا، بەڵکو چەسپاندنەوەی بەرایییەکان و دەسپێکە پێشترەکانە کە دراونەتە مانایەك لەسەر حیسابی مانای دیکە، کاتێك جینالۆژیا لەبەردەم ڕیتوال دەوەستێت بۆ ئەوەیە ئاشکرای بکات و ئەو ڕاستیەی لەسەر بسەلمێنێت کە بریتییە لە لکەکان، بەو شێوەیەش لێی بڕوانێت کە لەگەڵ ئەو بزاوتەدا گونجێنراوە کە شتەکان لە واقیعدا بەدەردەخات و ماناو بەهای پێ دەبەخشێت..

دەزانرێت کە دانەری جینالۆژیا ئەم چەمکە بۆ سێ ئاست لەیەکتر جیا دەکاتەوە: شرۆڤەکردنی دیاریکردنی نیشانەکان، کە جینالۆژیا بە هۆیەوە دەبێتە سیمۆلۆژیا بۆ خستنەڕووی سیمبۆلەکان و دەلالەتەکان بە پێی باکگراوەندی وزەکانیان، بەمەش دەگوترێت سیمبتۆماتۆلۆژیا، دواتر جینالۆژیا جۆرێکە لە مۆمبیلیزەبوون، پشتی هێزەکان دەگرێت بەو پێیەی هێزی پەتییانەی کاراو هاوبارگەن، لە دواییدا ژینالۆژیا ئەو نموونەو نیشانانە دەگێڕێتەوە بۆ سەر بنەچەی باشترینەکان، یان بۆ بنەچەی زنجیرەی لێکنەپساوی دامەزراوە مێژوویيە ڕیزبەندە پڕ بەهاکان و چۆنییەتی دەرخستنەوەیان دیاری دەکات.

لە ئاکامدا جینالۆژیا بە ساتەوەختی دروست بوونەوە ناوەستێت، تەنانەت لە وەسفکاریش تێدەپەڕێنێت، لەوە دەپرسێت چۆن چۆنی باشترینەکان و جیاوازییەکان نامێنن و بزر دەبن، چۆن هێزەکان پەلکێشی ماناکان دەکەن تا بە موڵکایەتی خۆیانی بکەن، واتە جینالۆژیا لە دیارکردنی دروست بوونی شوناسنامەکاندا ناوەستێت، بەڵکو سەرقاڵ دەبێت بە موتابەعەی چۆنییەتی لەدایك بوونی بەهاکانەوە، ئەو چۆنیەتییەی لەسەر توخمی تەفازوولی دەوەستێت، ئەو توخمەی کە بە بابەتەکانی و ڕەمزەکانیەوە جیهان دابەش دەکات بۆ دژلێکە جیاوازەکان، هەر کاتێك جینالۆژیای نوێ گوێبیستی ماناو بەهای دیکە ببێت ئەو کاتە بە شوێن ستراتیژییاتی هەژموونکاری و پاوانخوازیدا دەگەڕێت، ئەو لەمەدا گەمەی ئیرادەگەرێتی دەبینێتەوە، بەڵام ئەم گەمەیە بۆ خۆی پەرەپێدانێکی پێشکەوتووی هزری گەردوونییانە نییە، بەڵکو گەمەیەکی ملکەچانەیە بۆ ڕێکەوتەکانی ململانێ، تێگەیشتن لە مێژوو بەم شێوەیە نامێنێتەوە ئەگەر حاڵەتەکە وەها بێت بۆ دیاریکردنی لۆژیکە گشتییەکەی یان دیاریکردنی ئەو غایەتەی بەرەو پیرەوەی دەچێ، یان بۆ بەدواداچوونی پێکهاتنی واتا ناگەڕێتەوە بەڵکو دەست دەخاتە سەر چەند بنەمایەك و ئەو بنەمایانە بە ئامانجی ڕیسواکردنی ئەو پرۆسەیەی نموونەی باڵای لەسەر پێکدێت هیچ دەلالەتێکی ڕەهایان نییە، ئامانجی جینالۆژیا مێژووی حەقیقەت نییە، یان پرسیارکردن نییە لێی، وەك دۆلۆز لەم بارەیەوە ڕوونی کردۆتەوە، لەوەش ناکۆڵێتەوە کێ ڕاستگۆی و چی ڕاستییە، بەڵکو لەوە دەکۆڵێتەوە چی لە پشتەوەی حەقیقەتی شتەکانەوەیەو کێ بەهای پێ دەبەخشێت..

ئەگەر ڕاڤەکردن بریتی بێت لە دەرکەوتنی مانای بنەچەیی، ئەوە میتافیزیك بە تەنیا کەفیلە بەوەی شرۆڤەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بکات، بەڵام ئەگەر ڕاڤەکردن نزیك بێت لە بەرایییەکانەوە زیاتر لەوەی نزیك بێت لە مانای یەکەمینەوە، ئەمە وا دەگەیەنێت دەستمان خستبێتە سەر کۆمەڵە بنەمایەك کە هیچ دەلالەتێکی گەوهەری لە پشتەوە نییە تا بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ببەین و بیخەینە ناو کرۆکی میکانیزمی دیکەوە، یان بنەمای جیاوازەوە، ئەو کاتە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەبێتە زنجیرەیەك لە ڕاڤەکردنی وەرچەرخێنراوو هەڵگەڕاوەیی، جینالۆژیاش دەبێتە مێژوویەك بۆ ئەو چارەنووسە، ئەگەر ئەو مێژووەش وەرچەرخاوو وەرگەڕاو بێت، لەبەر ئەوەیە کە بە ململانێ و خستنەژێر ڕکێفانەوە تایپ دەکرێت، بۆیە جینالۆژی هیچ کاتێك پرۆسەیەکی توێژینەوەی ئاشتییانە بۆ جڵەوگرتنی مانا داناهێنێت، بەڵکو جەنگ و شەڕی ڕاڤەکردن بەرپا دەکات، هەر کاتێك لە مانا بدوێت، ئەوە لە گەڕاندا دەبێت بۆ دۆزینەوەی ستراتیژییاتی هەژموونکاری، جینالۆژیا مێژوو وەك حەلەبەی ململانێ دەبینێت، لە هێزو دەسەڵات زیاتر چیتری تێدا نابینێتەوە، مێژوو بەلای جینالۆژیاوە پێشکەوتنی هزرییانەی گەردوونی نییە، بەڵکو گەمەی جێگۆڕکێ و گواستنەوەیەکە لە قۆرخکارییەوە بۆ قۆرخکاری دیکە دەگەڕێت، سەرەڕای ئەمەش ناچارە لە ئاست سەرەتاو بەرایییەکاندا بوەستێت، بەڵام سەرەتاکان بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە، نەك وەك ئەوەی پێویستن بەڵکو وەك ئەوەی ڕێگەپێدراون، نەك وەك ئەوەی بریتین لە حەقیقەت، یان حەقیقەتی حەقیقەتەکانن، بەڵکو وەك ئەوەی جۆرێکن لە هەڵە کە هێشتا فیلمەکانیان نەشۆردراونەتەوە، پێگەینی مێژوویی بۆ چەسپاندنیان دەکارێت، ئەوە ئەو سەرەتایانەیە کە بۆ ژێدەرەکان و بناغەکەی ناگەڕێنەوە، بەڵکو پارێزگاری دەکەن لەوەی لە چوار چێوەی پەرتەوازەبوون و پەرت پەرت بووندا ڕوودەدات..

گەڕان بە شوێن ئەسڵدا دانامەزرێت، بەڵکو ئەو درکپێکراوانەی چەسپاون دەهەژێنێت، ئەو شتانەی لە سکوندان دەیانجووڵێنێت، ئەو یەکانەی یەککگرتوون دابەش دابەشیان دەکات، ئەوانەشی لێکبەستراون لێکیان دەکاتەوە، بە شوێن ئەسڵدا وێڵەو ئەم حاڵەتەش لێکەمکرنەوەی بەردەوامی شوناسنامەیە، ئەو ناسنامەیەی لە هەوڵداین بۆ پارێزگاری لێ کردنی و شاردنەوەی لە ژێر ماسکێکدا، هەمان ئەو ناسنامەیە نییە جگە لە وتنەوەیەکی گاڵتەجاڕانە: فرەیی تێدایەو زۆر لە نەفسەکان لە ناویدا ململانێیانە، کۆسورەکان دژبە یەکتر دەوەستنەوە، یەك ئەوی دیکەیان دادەپڵۆسێت، بۆیە دانەری جینالۆژیا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کاتێك مێژوو دەخوێنینەوە ئەوە بە پێچەوانەی میتافیزیکخوازانەوە دڵخۆش دەبین، نەك لەبەر خاتری ئەوەی ئەو نەمرێتییەی ناخمان کە دۆزیومانەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەفسێکی فانیمان لە ناخدا هەڵگرتووە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

**مێژووی میتافیزیک لە هەوڵدایە ئەو ڕووداوە ناوازانە بتاوێنێتەوە کە لە سورگەیەکی بەردەوامدان و لە تەوەرە بنەچەییەکەیانەوە بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکەی خۆیان دەرچوون، بەڵام جینالۆژیا ڕووداوێک دیاری دەکات تا ناوازەی بکات**

**دانەری جینالۆژیا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کاتێک مێژوو دەخوێنینەوە ئەوە بە پێچەوانەی میتافیزیکخوازانەوە، دڵخۆش دەبین، نەک لەبەر خاتری ئەوەی ئەو نەمرێتییەی ناخمان کە دۆزیومانەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەفسێکی فانیمان لە ناخدا هەڵگرتووە**